ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
68
25 ی ئەیلول/ سێپتێمبەری 2023



## خەتای ریفراندۆم!

**موحسین کەریم**

ئەمڕۆ ٦ ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستانی عێراقدا تێدەپەڕێ. بۆچوونێک ڕەواجی پەیداکردوە لەناو بەشێک لە خەڵکدا کە ئەنجامدانی ریفراندۆم وەکو تاوان تەماشا دەکرێ. بەهۆکاری لەدەستدانی نیوەی خاکی کوردستان ناوزەد دەکرێ! ئەو کەس و لایەنانەی لەڕوانگەی دژە پارتیبوونەوە دژی ئەنجامدانی ریفراندۆم بوون و پێیانوابوو ریفراندۆم دەبێتە دەسکەوتێکی سیاسی بۆ پارتی، ئێستا هەڵوێستی دژایەتیکردنی ریفراندۆم وەکو شانازی مێژوویی بۆخۆیان تۆماردەکەن!

بۆ لاپەرە ٢

**ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلنیۆمی ٢٧ی کۆمیتەی ناوەندی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان!**
..............لاپەرە ١٦

**با ڕێگا لەملهوڕیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرین!**
........لاپەرە ١٧

**خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!**
(**مەنسور حیکمەت**) ...... **بەشی چوارەم** ..
لاپەرە ١٩



## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ **خسرەو سایە** سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە ئاراستە و باسە سیاسیەکانی پلینۆمی ٢٧ ی کۆمیتەی ناوەندی

بۆ لاپەرە ٣



## شیعەگەراو کوردایەتی لە ئایندەی عێراقدا

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەرە ٩



## هۆکارو زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا

**عەبدوڵا مەحمود**

بۆ لاپەرە ١٢



## ژاوەژاوی هەڵبژاردن لە بارەی هاتوهاواری نەوەی نوێوە!

**جەمال موحسین**

بۆ لاپەرە ١٤



## پرسی فرۆشی نەوتی هەرێم و کێشەی بودجەو مووچەو دۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان!

**وەستامەهدی ڕەسوڵ**

بۆ لاپەرە ١٥

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی................خەتای ریفراندۆم!

ئێستا دەیانەوێ وانیشان بدەن کە ئەوان لەسەر هەق بوون و هەموو ئەوانەی لایەنگری ئەنجامدانی ریفراندۆمیان کردوە، وەکو خزمەتکاری پارتی دەوریان گێراوەو تاوانێکی مێژووییان ئەنجامداوە! تەنانەت تێگەیشتنێکی وا ڕەواجی پەیداکردوە کە ئەگەر ریفراندۆم نەکرایە دۆخی سیاسی کوردستان بەم رۆژەی ئێستا نەدەگەیشت و "قەوارەی هەرێم"یش بەوجۆرە بەرەو پوکانەوە نەدەرۆشت! بۆچوونێک لەوە زیاتر دەڕوات و ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکاتە پیلانێکی دەوڵەتی تورکیا بۆ لەباربردنی دەسکەوتەکانی خەڵک و قەوارەی هەرێمی کوردستان!

گومان لەوەدا نیە کە ئەمجۆرە تێگەیشتنانە سەبارەت بە ریفراندۆم و ئەنجامدانی ریفراندۆم، سەرچاوەی لە تێگەیشتنێکی ڕواڵەتیانەی سیاسی و هەڵوێستێکی دژەپارتی بوونەوە وەرگرتوەو توانای تێگەیشتنێکی دروستی نیە سەبارەت بە ئاراستەی ڕوادوە سیاسیەکان. هەموو شتێک بە پیلانگێری لێکدەداتەوەو هەرکارێک کە نەیارە سیاسیەکەی بیکات، ئیتر لای ئەو نەفرەتلێکراوەو دەبێ دژایەتی بکرێ.

سەرەتا و بەرلەوەی کە باسی واقعیەتی هەلومەرجی سیاسی و ئاراستەی ڕوادوەکانی ئەوکاتەی کوردستانی عێراق بکەم، دەمەوێ لەسەر دوو مەسەلەی گرنگ پەیوەند بە خودی مافی ئەنجامدانی ریفراندۆم سەبارەت بە پرسی کورد لە کوردستانی عێراق قسەیەکی کورت بکەم.

یەکەم: پرسی کورد لە کوردستانی عێراق و ناوچەکەدا دەبێت چارەسەرێکی عادیلانەی بۆ بدۆزرێتەوە. نەک تەنها لەڕوانگەی مافی میللەتێکەوە کە ستەمی نەتەوایەتی بەرامبەر دەکرێ، کەئەمە مافێکی سیاسیەو بەتەواوی مایەی پشتیوانی هەر کەس و گروپێکی سیاسی ئینساندۆست و ئازادیخوازو یەکسانیخواز و دژ بەستەم و چەوسانەوەیە، بەڵکو لەو ڕوانگەشەوە کە بوون و مانەوەی ئەم کێشەیە یەکێکە لەو کێشەو گرفتە نەبڕاوانەی بەردەوام کۆسپ دەخاتە بەردەم ڕەوتی گەشەی کۆمەلایەتی و سیاسی لەو کۆمەڵگایانەدا کە کوردیان تێدا دەژی. هەمیشە فاکتەرێک دەبێت بۆ هێشتنەوەی نائارامی و ناجیگیریی سیاسی و شەڕ و نەفرەت و کینەتۆزی نەتەوەیی و زەمینەخۆشکردن بۆ هێشتنەوە و ڕەواجدان بە بیروبۆچوونی فاشیستی و ڕەگەزپەرستی و کۆنەپەرستانەو خۆشکردنی زەمینەی مانەوەو سەرهەڵدانی ڕەوت و بزوتنەوەی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیستی...دوکەڵی ئەم ئاگری ستەم و جیاکاریە نەتەوەییە تەنها ناچێتە چاوی خەڵکی کوردزمانی ئەو کۆمەڵگایانەوە، بەڵکو دەچێتە چاوی سەراپای دانیشتوانی ئەو وولاتانەی کوردیان لێیە! ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردانی خەڵکی کوردزمانی دانیشتوی ئەو چوار وولاتەی کوردیان لێدەژی، لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیان بۆمانەوە لەچوارچێوەی ئەو وولاتانەدا یان جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ڕێگاچارەیەکی سیاسی عادیلانەیە و لەبەرژەوەندی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی و چینی کرێکارو دانیشتوانی سەرجەم ئەو وولاتانەیە.

دووەم: ئەنجامدانی ریفراندۆم و لایەنگری لەمافی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان، نەبەستراوەتەوە بەوەی چ لایەنێکی سیاسی بانگەشەی بۆدەکات و ئەنجامی دەدات. هەر لایەنێکی سیاسی، کە بیەوێ کێشەیەکی سیاسی بەوجۆرەی کێشەی کورد لە ناوچەکەدا بەرێگای ریفراندۆم چارەسەر بکات، سیاسەتێکی دروستی هەڵبژاردوە. بانگەشەی چارەسەری کێشەی کورد لەڕێگای بەکارهێنانی چەک و خوێنڕشتن و سەوداو مامەڵەی هێزە ناسیۆنالیستەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، دەیان ساڵە پروپاگەندەی بۆدەکرێ و دەستی بۆبراوە، بەلاّم نەک ئەو پرسە چارەسەر نەکراوە، بەڵکو بەردەوام ئاگری شەڕی نەتەوەیی زیاتر خۆشکراوەو کارەساتی ئینسانی ڕوبەڕووی هاوڵاتیانی کورد و هاوڵاتیانی دیکەی ناوچەکە بوەتەوە. بەستنەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بە پێگەی چینایەتی و سیاسەتی ئەو هێزەی بەرگری لێدەکات و بانگەشەی بۆدەکات و ئەنجامی دەدات، تێگەتشتنێکی غەیرە سیاسی و منالانەیە. بۆیە دژایەتیکردن و دژوەستانەوەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ هەر لەبەرئەوەی پارتی هێزی سەرەکی ئەنجامدانی بووە، هیچ شانازیەکی مێژوویی بۆ ئەوانە تۆمارناکات و بگرە کورتبینی سیاسی ئەوان دەسەلمێنێ.

ئێستا دەچمە سەر وەلامدانەوەی ئەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ ئەگەر ریفراندۆم نەکرایەت، دۆخی سیاسی کوردستانی عێراق بەم ڕۆژەی ئێستای نەدەگەیشت و نیوەی خاکی کوردستان لەدەست نەدەچوو وە ئایندەی حکومەتی هەرێمیش بەرەو پوکانەوە نەدەچوو!؟

هەڵبەتە من کاتی خۆشی لەوبارەوە لێکدانەوەی خۆم خستۆتەڕوو. ئێستاش ئەوە دوبارە دەکەمەوە کە دۆخی سیاسی کوردستان و گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزی نێوان هێزە ناسیۆنالیستەکانی کورد و دەسەلات و حکومەتی هەرێم لەگەڵ هێزو لایەنە سیاسیە ئیسلامیەکانی عێراق بەتایبەتی ڕەوتە شیعەگەرا دەسەلاتدارەکان و دەسەلات و

حکومەتی ناوەند، بەدوای تێکشکاندنی داعشدا، بەزیانی ناسیۆنالیزمی کورد و دەسەڵات و حکومەتەکەی گۆڕابوو. لەکاتی شەڕی داعشدا، بەناچاری حکومەتی ناوەند چاوی لەوە پۆشی کە هەندێ ناوچە کە بەناوچەی کێشە لەسەر یان ناوچەی مادەی ١٤٠ ناودەبران، بکەوێتەژێردەستی حکومەتی هەرێمەوە. ئەوکات داعش هەڕەشەی لە بەغداش دەکرد! بەڵام دوای ئەوەی حکومەتی ناوەند و هێزە شیعە دەسەڵاتدارەکان، بەپشتیوانی ئێران هێزێکی تۆکمەی سەربازیان دروستکرد بەناوی حەشدی شەعبیەوە، کە لەماوەی چوار ساڵی شەڕی داعشدا ئەزمونی شەڕی پەیداکردو بە باشترین چەک و جبەخانەی ئەمریکی تەیاربوو، ئیتر دوای تەواوبوونی شەڕی داعش، حکومەتی ناوەند ناچارنەبوو ئیمیاز بدات بە هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان و پارتی و یەکێتی و حکومەتەکەیان. بێگومان یەکەم داوای ئەوان ئەوە دەبوو کە ئەو ناوچانەی لەکاتی شەڕی داعشدا کەوتوتە دەستیان، دەبێ ڕادەستی حکومەتی ناوەندی بکەنەوە. بڕیاری حکومەتی ناوەند بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانە بەر لە بڕیاری ریفراندۆم و ئەنجامدانی ریفراندۆم درابوو. دەبوایە حکومەتی هەرێم دوای تەواوبوونی شەڕی داعش ئەو ناوچانەی بۆ حکومەتی ناوەند چۆڵ بکردایە، بەخۆشی بێت یان بە شەڕ!

بێگومان پارتی سەرباری ئەوەی کە دەیویست لەڕێگای ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە شانازیەکی نەتەوەیی بۆ خۆی تۆماربکات و پێشڕەوییەکی سیاسی لەبەرامبەر نەیارە سیاسیەکانی لەناو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد دا بەدەست بهێنێ، بەڵام هاوکات دەیزانی کە دەبێت دەسەڵاتی حکومەتەکەی خۆی و یەکێتی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی پێش هێرشی داعش؛ واتە چۆڵکردنی کەرکوک و هەموو ئەو ناوچانەی دیکەی دەرەوەی هەرێم کە کەوتبوە ژێردەستی حکومەتی هەرێم، یان ڕاستتر بڵێین یەکێتی و پارتیەوە. پارتی لەجیاتی ڕادەستکردنەوەی ئەو ناوچانە بە حکومەتی ناوەند، کە وەکو سەرشۆڕیەکی سیاسی بۆیان تەواو دەبوو، ڕێگای ئەنجامدانی ریفراندۆمی هەڵبژارد. بێگومان حکومەتێکی کۆنەپەرستی فاشیستی وەکو عێراق کە لەلایەن دەوڵەتانی فاشیست و شۆڤێنیستی ئێران و تورکیاوە پشتیوانی لێکرا، پەنای بۆ هێرشی سەربازی بردو ریفراندۆم و دەنگدان بۆ جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی، لەژێر دروشمی شۆڤێنیستانەی "پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق"ەوە، کردە بیانوو بۆ ئەنجامدانی هێرشە سەربازیەکەی بۆ سەر کەرکوک و ناوچەکانی دیکە.

ئەگەر دەسەڵاتی ناوەند لە عێراق بەقەدەر سەرە دەرزیەک حسابی بۆ مافی بڕیاردانی سیاسی خەڵکی کوردستان بکردایە، پێویستی بەوە نەبوو کە هێرشی سەربازی بکات، بەڵکو دەبوایە ڕێزی لە ڕای خەڵکی کوردستان بگرتایەو ئاکامی ریفراندۆمی قبوڵ بکردایە. بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی فاشیستی عێراق، ڕێگای شەڕ و هێرشی سەربازی هەڵبژارد بەرامبەر بە دەنگدانی خەڵکی کوردستان. ئێستا ئەو گروپ و لایەنانەی کە ئەنجامدانی ریفراندۆم بە سەرچاوەی کارەساتەکانی خەڵکی کوردستان دەزانن، بیانەوێ یان نەیانەوێ، تاوانی ڕژێمی کۆنەپەرست و فاشیستی ئیسلامی عێراق و پیلانی دەوڵەتانی شۆڤێنیست و سەرکوتگەر و دژە ئینسانی ئێران و تورکیا پاکانە دەکەن و لەسەنگەری ئەوانەوە دژی مافێکی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەوەستنەوە، هەر لەبەرئەوەی پارتی هەستاوە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم.

لە کۆتاییدا، ئەگەر خاڵی لاوازی ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەبێت کە پارتی پێی هەستاوە، بەڵام دژایەتیکردنی ریفراندۆم هیچ شانازیەکی سیاسی و مێژوویی بۆ هیچ کەس تۆمار ناکات. داهاتوو ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێ. با کەمێک تەحەمول بکەین.

★

---

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هەنگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەرواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە ئاراستە و باسە سیاسیەکانی پلینۆمی ٢٧ ی کۆمیتەی ناوەندی

ئۆکتۆبەر: لەنێوان ڕۆژانی ٨ی٩ی ئەم مانگە پلینۆمی ٢٧ی کۆمیتەی ناوەندی حزب بەڕێوەچوو. لە ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلینۆمدا ئاماژە بە چەند بابەتی سیاسی گرنگ کراوە کە وتوویژیان لەسەر کراوەو بڕیاری پێویستیان لەبارەوە دراوە. لەوانە: باروودۆخی سیاسی کوردستان، هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق. سەرەتا با لەدۆخی سیاسی کوردستانەوە دەست پێبکەین:

پلنۆم چ لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو گۆڕانکاریانە هەبوو، وە ئەو پێشهاتە تازانە چین کە ڕووبەڕوی دۆخی سیاسی کوردستان بوونەتەوەو پلینۆم لەسەریان ڕاوەستاوە؟ ئایا پلنۆم گۆڕانکاری لە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی تائێستای حزبدا پێک هێناوە؟

خسرەو سایە: دیارە دۆخی سیاسی کوردستان لایەنی زۆری هەیەو دەکرێ لەزۆر ڕووەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی میحوەری باسەکانی پلنۆم بوو ڕاوەستان بوو لەسەر ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەی کە بەڕێکەوتوە، تا ڕوانگەیەکی چینایەتی لەڕەوەندی ئەو ئاڵوگۆڕانەی هاتونەتە پێشەوە، بەدەستەوە بدرێ و لێرەشەوە پێگەی حیزب و نارەزایەتیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەک فاکتۆرێکی ئاڵوگۆڕبەخش و ئەو ئەرک و هەنگاوە عەمەلیانەی دەکەوێتە شەرشان، نیشان بدرێ. بەم پێیەش ئەم ڕوانگەیە بوە جێگای مشتومڕێکی جدی لەپلنۆمدا. بەڵام مەبەست لەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەی ئاماژەمان پێکرد چیە؟ ئێستا هەمولایەک باس لەگۆڕانکاریەک دەکەن کە کەوتۆتەڕێ. هەموان باس لە لاوازی و مەترسیەکانی سەر قەوارەی هەرێم دەکەن. هەموان ئاماژە بۆ نەمانی ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان و لەدەستدانی "شەرعیەتی حکومەتی هەرێم" دەکەن. باس لەوە دەکەن کە پێگەی هەرێم لەبەرامبەر دەسەلاتی مەرکەزدا، لاوازبووەو پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا، لەقەیرانێکدا بەزەرەری ئەحزابی قەومی گۆڕانی بەسەرداهاتوە. تەنانەت باس لە لاوازبوونی پشتیوانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ هەرێم دەکرێ.

لەناوخۆشدا، باس لە قوڵبونەوەی لێکترازانی ڕیزی حزبەکان و کێشەی نیوانیان بەتایبەتی کێشەی نیوان پارتی و یەکیەتی دەکرێ. مەسەلەی ژیان و گوزەرانی خەڵک و نەبونی موچەو خزمەتگوزاریەکان و تێکچونی باری ئەمنی و دەیان گرفتی تر تادێت کۆمەڵگای کوردستان لە گێژاوێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا، ڕادەگرێ و بەهۆیەوە بێزاری و نارەزایەتی خەڵک ڕوو لەفراوانبونەوە دەکات و باس لە ئەگەری تەقینەوەیەکی کۆمەلایەتی دەکرێت.. هەموو ئەمانە نیشانەیەکن لەو گۆڕانکاریەی کە لە هاوکێشەی هێزی نیوان حیزب و بزوتنەوە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا و لەو تەوازنەدا کە پێشتر لەنیوان ئەحزابی قەومی ولایەنە عێراقیەکاندا، هەبووە. بێگومان ئەم گۆڕانکاریە لەڕوانگەی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانەوە، بەتایبەت لەڕوانگەی هێزو لایەنە بۆرژوازیەکان و چینی کرێکارو جەماوەری نارازی کوردستانەوە، جیاوازەو بەمجۆرەش دوو ئاراستەی پێچەوانە و دژبەیەکی هێناوەتەکایەوە. تەنانەت هەردوو ئەم چینەو هێزەکانیان چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگای کوردستان بەرەو کوێ بەرن، جەوهەری لێکدانەوەیەک بوو کە لە پلنۆمدا قسەوباسی لەسەرکرا، کەلێرەدا بەکورتی لەسەریان رادەوەستم.

سەرەتا، ئەمریکاو ئێران وەک دوو هێزی کاریگەر لەو گۆڕانکاریانەدا کە بەرێکەوتوە، لەسەر ئەوە هاوڕان کە عیراق بەئاراستەی ئیستقراری سیاسی و ئەمنیدا بەرن و زەمینە بۆ سازکردنەوەی دوبارەی دەولەت و پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ بەگەڕخستنەوەی بازاری سەرمایەداری و سیستەمی ئەمنی لەناوچەکەدا لەبەر ڕۆشنایی دۆخی جیهانی و هێزە ئیقلیمیەکاندا بەرن. لەم پەیوەندەشدا، لایەنە عێراقیەکان، لەهەوڵی مەرکەزیکردنەوەی دەسەلاتدان بەسەر هەرێمدا و هەنگاوبەهەنگاو کەوتونەتە لێسەندنەوە ئەو ئیمتیازاتانەی کەلەساڵی ٢٠٠٣دا بەئەحزابی ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەیان دابوو، ئەمەش بۆتە مایەی قەیرانێکی قوڵ لەپەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدادا و هەرجارە لەسەر مەسەلەیەک دەکەونە کێشەو ناکۆکیەوە. هەر لەم پەیوەندەدا ئەوەش بڵێم کەهەموو حزبەکان لەکوردستان چ ئەوانەی لەدەسەلاتدان و چ ئەوانەی ئیدعای ئۆپۆزسیۆن دەکەن، سەرەڕای هەر ناکۆکی و گلەییەک کە لەیەکتریان هەبێت، بەڵام هەمویان هاوڕان لەسەر ڕەوندی گۆرانکاریەکان، بەم ئاراستەیەدا و بەم یان بەوجۆرە، لەسەر گەرانەوە بۆ بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەم ئاڵوگۆڕەوە گرێ دەدەن. بەدیوێکی تردا، ئێستا هەر کەسێکی سادە،

ئەوە دەبینێت کە ناکۆکی و ململانێ لەنیوان هەم حزبەکانی ناو دەسەڵات لەهەرێم و ناکۆکی نێوان ئەمان لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەسەر زۆر مەسەلە لەئارادایە. هەموکەسێک ئاگاداری فشارو رۆڵی دادگای فیدراڵە، لەچارەسەرکردنی کێشەکان و راگرتنی تەوازنی نیوان هێزەکاندا، هەموکەسێک دەبینێت کە دانوسان و ریکەوتنەکانی نیوان هەرێم و لایەنە شیعەکان، بابەتێکی رۆژانەیە. تەنانەت هەموکەس فشار و پەیامەکانی ئەمریکاو ئێران و دەخاڵەتی نەتەوەیەکگرتوەکان، بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنەکان و کۆنترۆلکردنی ناکۆکیەکانی نیوانیان دەبینێ. ئێستا باسی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانەوەی حکومەت، مەسەلەیەکی گەرمە، مەسەلەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو هەبونی هێزی میلیشیای و گێرانەوەی سەروەری بۆ دەولەتی عیراق و ئەمنیەتی سنورەکان .. هەموو ئەمانە ئەو میکانیزمەن بەدەست هێزە بۆرژوازیەکانەوە بۆئەوەی کە لایەنەکان، چ لەناوخۆی کوردستانداو چ لەئاستی عێراقدا، لەتەوافق و هاوکێشەیەکی تازەدا رابگرن کەبتوانێ دەرەجەیەک لە ئیستقراری سیاسی و ریکخستنەوەی سیستەمی سیاسی لە عێرق و کوردستاندا، بەدیبهێنێت. ئەمە مانا و ناوەرۆک و ریگاچارەی هاوبەشی هەموو لایەنە بۆرژوازیەکانە، کەلەم گۆرانکاریانەدا، بەگشتی بەشوێنیەوەن، کەدیارە سەرتاپا پێچەوانەیە بەبەرژەوەندی و خواستەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، چ لەکوردستان و چ لەعێراق.

لەبەرامبەردا رەوەندی ئەم گۆرانکاریانە، بۆ چینی کرێکارو خەڵکی نارازی چ واتایەک و چ ناوەڕۆکیکی هەیە، ریزی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان جیادەکاتەوە. واتاو ناوەرۆکیک کەخواستەکانی جەماوەر، بۆ بەدەستهێنانی باشبژێوی و ئازادیەکان، بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخەی ئێستاو ئەو گێژاوەسیاسی و سەرگەردانیە ئابوریەی تێکەوتووە، دەرکێشێ و کۆمەلگا بخاتەسەر ئاڵوگۆرێکی ریشەیی لەسیستەمی سیاسی و ئابوری ئێستادا کەخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش خۆیان کۆمەلگا بەرێوەبەرن و هەرچی داهات و جومگەکانی دەسەلات هەیە بیخنە خزمەتی ژیانی خۆیانەوە. بێگومان ریگای گەیشتن بەم ئامانجەش شتێکی ترنیە لەوەی کە نارەزایەتیەکانی ئیستا بەئاقاری ئاڵوگۆرێکی شۆرشگێرانە و سەرهەڵدانی دەورەیەکی شۆرشگێرانەی وا ببرێت، کە نەک هەر دەسەلاتی ئیستای ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، وەلابنێ و زەمینە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و سیاسیەکانی کۆمەلگای کوردستان خۆش بکاو لێرەشەوە وەلام بە ژیان و گوزەرانیان بداتەوە، بەلکو چینی کرێکار و جەماوەری نارازی لەدەسەلات نزیک بکاتەوە و ریگا بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوینەرانی جەماوەر، کە بەرێوەبردنی کۆمەلگا لەدەست بگرێ، خۆشبکات. پلینۆمی ٢٧ی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر رەوەندی ئەم گۆرانکاریە راوەستاو باسی لەئامادەکردنی ئەو پێداویستیانە کرد، کەچۆن بتوانرێت لەدلی تێکەڵبوونی حیزب بەنارەزایەتیەکانی ئێستای بەشەکانی کۆمەلگاوە ئامادەیی و تواناکانی ئەم بزوتنەوەیە لەروی ئاسۆیەکی شۆرشگێرانە و رابەریەکی سەراسەری و ئاستێکی کارا لە ریکخراوەیی جەماوەری زامن بکات و لێرەشەوە مەیدانەکانی کار، ئەرکەکانی ئەم دەوریەی رابەری حیزب و ئۆرگانەکانی دیاریکرد. بێگومان حیزب بۆئەوەی ئەم رۆلە بگێرێت، دەبێ لەوەلام بەو مەسەلە سیاسی و ئابوریانەوە دەست بەکاربێت کەدۆخی ئێستاو کێشەی نیوان هێزو لایەنەکاندا سەری هەڵداوە و سیاسەتی رۆشنی خۆی لەسەریان بەکۆمەلگا بناسێنێت و بیکاتە بروای پێشرەوان و هەڵسوراوانی کرێکاریی و جەماوەری. لەوانە مەسەلەی ژیان و گوزەرانی خەلک، قەوارەی هەرێم و گەرانەوە بۆ بەغداو فیدرالیزمێک کەپەیوەندیەکانی بەغداو هەرێمی بەقەیراندا کێشاوە، مەسەلەی کەرکوک و چەندین بابەتی تر، کە دیارە هەموو ئەم بابەتانە لەخەبات بۆ وەلانانی دەسەلات و قوتبیکردنەوەی نارەزایەتیە جەماوەریەکان، لەدژی دەسەلاتی ئیستای بۆرژوازی کوردا بەپلەی یەکەم دەچێتە پێشەوە.

بەم جۆرەش دەتوانم بڵێم کەپلینۆمی ٢٧ لەباسی دۆخی سیاسی کوردستاندا، تەئکیدی لەهەمان ئەو سیاسەت و هەلویستانەی حیزب کردوە کە لە بەلگەنامەکاندا پەسەندی کردون، ئەویش بەگرێدانەوەی ئەو پێشهاتە تازانەی کەلەدۆخەکەدا زیاتر بەرجەستە بونەتەوە.

**ئۆکتۆبەر: لەقسەکانتدا ئاماژەت بەچەند بابەت کرد، لەوانە "قەوارەی هەرێم و فیدرالیزم"، مەسەلەی گەرانەوە بۆ بەغدا"، کە هەمو حیزبەکان بەدەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە بەشیوەی جیاواز تەئکیدی لیدەکەن، پلینۆم لەسەر ئەم مەسەلانە بەچ هەلویستێک گەیشت؟ ئایا لایەنگری مانەوەی قەوارەی هەرێم و فیدرالیزمە؟ هەروەها ئایا حیزب گەرانەوە بۆ بەغدا وتەسلیمبوون بەحکومەتی عێراق، بەرێگایەک دەزانێت بۆ چارەسەری کێشەکانی خەلکی کوردستان وگەیشتن بەداخوازیەکانیان؟ ئایا حیزب هێشتا خواستی "سەربەخۆیی کوردستان"، بە وەلامێک بەو کێشەی قەومی و ئەو قەیرانەی لەپەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدادا هەیە دەزانێت؟**

خەسرەو سایە: ئەگەر بەکورتی لەسەر هەریەک لەو بابەتانەی لەپرسیارەکەدا هاتوە قسەبکەم، وەلامەکە بەمجۆرەیە:

لەبارەی قەوارەی هەرێمەوە: یەکەم، ئەم قەوارەیەی کەهەبوە وهەیە، بەرئەنجامی خەبات و نارەزایەتی خەلکی زەحمەتکێشی کوردستان بەوجود نەهاتوەو نەک هەر دەستکەوتێک نییە بۆئەوان، بەڵکو رێک لەدژی ئیرادەو خواستەکانی ئەوانە بووەو هەیە. ئەم قەوارەیە، بەرئەنجامی جەنگی ئەمریکا لەعیراق وخۆگرێدانەوەی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، کەهێزهاوسەنگی نیوان لایەنە

قەومی و مەزهەبی و تایەفەگەریەکاندا، وەک بەشێک لەپڕۆژەیەکی ئەمریکایی بەناوی "دیموکراتیزەکردنی" سیستەمی سیاسی لەعیراقدا، بەناوی فیدرالیزمەوە پێکهات. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بە خواست و چارەنوسێکەوە نیە کەخەڵکی کوردستان ئومێدی بۆ دەخوازن. دووەم، قەوارەی هەرێم نمونەیەکە لەدەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی کوردو حیزبەکانی، کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و ڕەتاندنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و وەگەرخستنی بازاری سەرمایەداری دامەزراوە. کارنامەی ئەم دەسەلاتە، جگە لە هەژاری و نەبونی و بێکاری و نەبونی ئارامی و ئاسایش و دەیان دەردومەینەتی تر، شتێکی تری نیشان نەداوە. هەربۆیە بۆ خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان جێگای نەک هەر پشتیوانی نیە، بەڵکو هەرجۆرە باشبونێک لەژیانی هاوڵاتیانی کوردستاندا بەخەبات لەدژی ئەم دەسەلاتەو ئەم قەوارەیەدا بەدەستدێت. سێهەم، بەوجۆرەی کەلەچوارچیوەی فیدراڵیزمێکی قەومیدا، کوردستانی بەبێ ئیرادەی خەڵکەکەی بەعێراق و دەسەڵاتی دەستەو تاقمی قەومی و ئاینی و تایفەگەریەکانەوە، لکاندەوە، ژیانی خەڵکی و کوردستانی لەگێژاوێکی سیاسی و ئابوری و ئەمنیدا بەدیار کێشمەکێش و هاوکێشەی نیوان ئەحزبی ناسیۆنالیستی کورد و هیزە کۆنەپەرستەکانی عیراقەوە داناوە، ئەمەش موسیبەتی گەورەی بۆسەر خەڵکی کوردستان بەدواوەبووە.. کەوایە بۆ دەبێ حیزبی ئێمەو خەڵکی کوردستان پشتیوانی لەمانەوەی بکەین. فیدراڵیزمیش وەک پڕۆژەیەکی ئەمریکایی، بۆ مانەوەی مەسەلەی قەومی و دابەشکردنی دەسەڵاتێک بوو لەعیراق لەسەر بنەمای بەشبەشێنەی قەومی و ئاینی وتائیفی، بەناوی دیموکراسیەوە. ئەم پڕۆژەیە لەبنەرەتەوە مافی هاولاتیانی یەکسانی هەڵوەشاندەوەو سیفەتی قەومی و ئاینی بەبەر دەولەتێدا کرد کە بەدوای روخانی ڕژێمی بەعسدا، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەعیراقدا دایانمەزراند، کە سەراپا کۆنەپەرستانەیەو لەدژی مافەکانی هەم خەڵکی عیراقەو هەم کوردستان و سەرچاوەی ئەو گێژاوە سیاسی و ناجێگیریەیە کە دۆخی عێراق و کوردستانی تیاراگیراوە. حیزبی ئێمە لەدژی فیدڕاڵیزم و ئەم ڕیگاچارەیەی ئەمریگاو هێزە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد و عێراقیەکانەو بە کۆسپێکی بەردەم خەباتی هاوبەشی خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق و هەر پێشرەویەکی کۆمەلایەتی دەزانێ کەکۆمەلگای کوردستان هەنگاوی بۆ بنێ.

سەبارەت بەگەرانەوە بۆ بەغداش ئەمەیان ئیتر خواستی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە لەکوردستان، هەرلایەکیان بەشێوازی خۆیان بەیانی دەکەن، ئەمە بەشێکە لەو سیاسەتە هاوبەشەی کە رووی لەسازدانەوەو ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و ئابوریە، کە بەرگی پەرلەمانتاریزم و دیموکراسی پۆشیوە. ئەو حیزبانەی کە لەکوردستان بانگەشە بۆ گەرانەوە بۆ بەغدا دەکەن و گوایە لەم ڕیگایەوە ژیانی خەڵکی کوردستان باشتر دەبێ و کێشەکان چارەسەردەبن، لەگەڵ ئەوەدا کە سیاسەتێکی دژەشۆڕشەو خەباتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان بۆ وەلانانی دەسەلاتی ئیستای ئەحزابی بۆرژوازی کورد بەلاڕیدا دەبەن و خەڵکی لەچاوەڕوانیدا بەدیار مەرحەمەتی حکومەتەکی سودانیەوە ڕادەگرن، هاوکات ناوەڕۆکی چینایەتی و ئەو کارنامە دژە خەڵکیەی حکومەتی عێراق پەردەپۆشدەکەن. بەتایبەتیش ئەمانە خەڵکی گوردستان بۆ حکومەتێک لەبەغدا دەگێڕنەوە کە حکومەتێکی میلیشیایی و کۆنەپەرستی ئاینی و ئەو کۆمپانیایانەیە کە سەراپا گیرۆدەیە بەگەندەڵی و تاڵانچێتی وهۆکاری هەموو ئەو بەڵاو موسیبەتانەیە کە گیرۆدەی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق بۆتەوە. تەنانەت ئەوانەی گەرانەوە و تەسلیمبون بە بەغدا، بە ریگاچارەی خەڵکی کوردستان دەزانن، پشت لە ژیانی ژنان و لاوان و کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی عیراق دەکەن و بەرامبەر بەو زوڵمەی لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لێیان دەکرێ، قسەیەک ناکەن. خەڵکی کوردستان و نارەزایەتیەکانیان دەبێ لەم سیاسەتە چەوتەی حزبەکانی بۆرژوازی جیا ببێتەوە. ئەگەر چاو لەبەغدا دەبڕن، دەبێ چارەنوسی خۆیان بەخەڵکی ناڕازی و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شارەکانی عێراقەوە لەدژی دەسەڵات ببەستنەوە و وەک بەرەیەکی ئازادیخواز و ڕزگاریبەخش بۆ گۆرانکاری شۆڕشگێرانە لەسەراسەری عێراقدا، لێی بڕوانن و لەم ڕیگایەوە چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە.

لەبارەی "سەربەخۆیی کوردستانەوە"، کاتی خۆی حیزبی ئێمە ئەم سیاسەتەی لەبەرابەر وەلامدانەوە بە سەرگەردانی سیاسی و کێشەی کورد، وەک کێشەیەکی مێژوویی لەعیراقدا، خستەڕوو. بێگومان بەدوای روخانی ڕژێمی سەدام و تا ئێستا گۆرانکاری زۆر بەسەر ئەم کێشەیەدا هاتوە. لەلایەک ستەمی قەومی لەسەر خەڵکی کوردستان نەماوەو تا هاتوشە ئەو سەرگەردانیە سیاسیەی کە لەساڵانی نەوەدەکاندا هەبوو، بەحوکمی فیدڕالیزمەکردنی عێراق، هەم بۆرژوازی کورد بەئامانجی شەریکبوونەوە لەدەسەڵات و وەرگرتنی پۆست و پلەو پایەی خۆی لەحکومەتی عیراقدا گەیشت و هەم کوردستان بوو بە بەشێک لەعیراق، بەلام ئەم گۆرانکاریە، بەحوکمی ئەوەی کە ناسنامەی دەولەتی عیراق لەسەر بنەمای قەومی و تائیفی و ئاینی دامەزراو ئەمەش لەدەستوردا جێگیرکرا، کێشەی قەومی لەدەستی بۆرژوازی کوردو حکومەتی عیراق و تەنانەت دەوڵەتانی ناوچەکەو ئەمریکادا بهێڵێتەوەو ڕقەبەری قەومی و ناسیونالیزم و دنەدانی قەومی سایە بەسەر کێشە سیاسی و

چینایەتیەکاندا بکات وەک گرفتێکی بەردەم پێشڕەوی کۆمەڵگای کوردستان، بەرەو ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی بمێنێتەوە و لەهەر دۆخێکدا خەڵکی کوردزمان و عەرەب زمان بکات بەگژ یەکتردا، بەنموونە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کەرکوک بەڕۆشنی ئەم واقعیەتەی نیشاندا. کەواتە تا ئەوکاتەی کە حکومەتێکی قەومی و ئاینی و تایفەگەری و حیزبە میلیشیاییەکانیان لەعیراقدا لەسەرکاربێت و لەسایەی دەستورێک کە ناسنامەی درۆزنانەی قەومی و ئاینی بەبەر هاوڵاتیاندا بکا و سکولاریزم و مافی هاوڵاتیانی یەکسان ژێرپێ بنێت، ڕێگاچارە بۆ کۆتاییهێنان بەکێشەی کورد هەر جیابونەوەو سەربەخۆیی کوردستانە و حیزب تەئکیدی لەسەر دەکات. بەڵام ئەوەش بڵێم کە حیزب لەچوارچێوەی ئەو گۆرانکاریانەی کە لەکوردستان و ڕەوتی خەباتی چینایەتیدا پێکهاتوە، بەتایبەتیش بەدوای ڕیفراندۆمێکدا کە ئەنجام درا، کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان، لەبەرامبەر بەدەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا دەچێتە پێشەوە. واتە بەڕوخانی دەسەلاتی ئێستا و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی شۆڕشگێر، لەنوێنەرانی جەماوەر و ڕێکخراو لەشوراکانی خۆیاندا، نەک هەر مەسەلەی کورد و پەیوەندی نێوان کوردستان و عیراق، ڕێگاچارەی واقعی بەدەست دێنێ، بەڵکو زەمینەش بۆ سازکردنی کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی تریش خۆش دەکات، کە چەندین ساڵە یەخەی بەخەڵکی کوردستان گرتوە. حیزب لەئێستادا لەسەر ئەم ئاراستەیە کاردەکات.

**ئۆکتۆبەر: هەڕەشەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بۆ چەکداماڵینی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی لە هەرێمی کوردستان و ڕێکەوتنی نێوان ڕژێمەکەی و حکومەتی ناوەندی، هەروەها بەکردەوە جێبەجێکردنی داواکاریەکەی ئێران لەلایەن هەردوو حزبە دەسەڵاتداری کوردستانەوە، بەشێکە لە فاکتەرەکانی دۆخی سیاسی تازەی کوردستان. لەماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردودا ڕژێمی ئێران بەردەوام توانای ئەوەی هەبوە فشار لەسەر هەریەکە لەپارتی و یەکێتی دابنێ بۆ دژایەتیکردنی هێزە نەیارەکانی لە هەرێم، بەڵام ئەمکارە بەوجۆرە نەبوە وەکو ئێستا ڕوودەدات؟ ئایا ئەم پرسە چۆن لێکدەدەنەوەو پێتانوایە تا چ ئاستێک دەڕواتەپێشەوە؟**

خسرەو سایە: لەبارەی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نیشتەجێی هەرێم، بەپلەی یەکەم لەدرێژەی ئەو هەوڵانەی کەئەم ڕژێمە بۆ سەرکوتی ئەو بزوتنەوە جەماوەریە شۆڕشگێڕیە و میلیتاریزەکردنی شارەکانی ئێراندا هاتوتەکایەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران لەو ڕاستیە گەیشتوە، کەخەڵکی ئێران بۆ ڕوخانی ئەم ڕژێمە هاتونەتە مەیدانەوە وگەڕانەوەیان نیە، بۆیە دەیەوێت، بەهەڕەشەکردن لە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەودیو سنورەکانی لەلایەک، ناکۆکیە ناوخۆییەکان و ئەو قەیرانەی یەخەی پێگرتوە داپۆشێت و وانیشان بدات، کە ئەوە کۆمەڵێک حیزبی چەکدارە لەدەرەوەی سنورەکان خەڵک هان دەدەن و ئاژاوە دەنێنەوە. بەڵام هەڕەشەکانی ئێران تەنها بەم ئاستەوە سنوردار نابێتەوە و کاتێک چاو لەو گێژاوە سیاسیە بکەین کە کوردستانی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە ئێران دەیەوێت وەک هێزێکی دەخاڵەتگەرو مونافیسی تورکیا پێگەی خۆی لەعێراق و هەرێم قایم بکات و ئەو ڕۆڵەی کە هەیەتی لەناوچەکەدا بەرەوپێشەوە بەرێت، بۆئەمەش لەهەر مەسەلەیەک سود وەردەگرێ. سەپاندنی ڕێکەوتننامەیەکی ئەمنیش کە لەگەڵ هەرێم و حکومەتی عێراقدا بەئیمزای گەیاندووە بۆ ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتانە هاوخەت بەسیاسەتی دەخالەتگەرانەی خۆی بکا و بالانسێک لەگەڵ تورکیادا، ڕابگرێ. بەڵام حیزبی ئێمە لەبەرامبەر ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جگە لەوەی کەوەک هێزێک لەپاڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژنان و لاوان و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێراندا ڕاوەستاوەو بەتەواوی تواناوە پشتیوانی کردوە، لەبەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵایەتیەوە، بەرامبەر بەو هەڕەشانەی کە بۆسەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، گرتویەتیەبەر، ڕادەوەستێت. بۆ ئەمەش لەڕوی سیاسیەوە، حیزب هەوڵدەدات ئەم بابەتە لەفەزای سیاسی کوردستاندا جێگەیەک پەیدابکا و خەڵکی نارازی کوردستان لە مەترسیەکانی هوشیار بکاتەوە تا کاردانەوەی پێویست بگرنەبەر. وە لەڕووی ئینسانیەوە، بەهانای ئەو پەنابەرو ئاوارانەوە بچن کە لەشارەکانی کوردستاندا نیشتەجێن و لەهەر ئەگەرێکدا ڕێگا نەدەین ڕووبەڕوی کارەساتی ئینسانی ببنەوە.

تا ئەو جێگەیەی کە دەپرسن "ئەم پرسە چۆن دەچێتەپێشەوە" بەبڕوای من حکومەتی هەرێم و بەغدا، تا ئەو ڕادەیەی کەدڵی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان ڕازی کردبێت و ڕێکەوتنەکەیان جێبەجێ کردبێ، هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوی لەخاوبونەوە کردوە، بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین تا ئەوکاتەی کوردستان لەگێژاوێکی سیاسیدا، ڕاوەستابێ و دوو حیزبی چەکداری وەک یەکیەتی و پارتی دوونـاوچە بەرن بەڕێوە کە خۆیان بەسیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەوە گرێ دابیتەوە، تا کاتێک کە حکومەتێکی ناپایەدار لەعێراقدا لەسەرکاربێ و لەژێر نفوزی ئێراندا بێت، بەدڵنیایەوە لەچوارچێوەی دۆخی جیهانی و ناوچەکەدا، ئەگەری دەخاڵەتگەری سەربازی ئێران و تورکیا حاڵەتێکی بەردەوام دەمێنێتەوەو ئەوەش کۆتایی پێناهێنێت کەهێرشی زەمینی بۆسەر شارەکانی کوردستانی بەدوادا بێت. بێگومان لەم حاڵەتەشدا، سیمای دۆخەکە بەگشتی دەگۆڕێ و ڕەوتی خەباتی چینایەتی دەباتە دۆخێکی تازەوە کە

لەکاتی خۆیدا دەبێ قسەی تایبەتی لەسەر بکەین.

**ئۆکتۆبەر: مەسەلەیەکی دیکە کە قسەوباسی لێکراوە لە پلینۆمدا، هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراقە. هەروەها باسیش لەسازدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لەئارادایە. دەکرێ سەبارەت بەو بابەتە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی پلینۆم ڕوونکردنەوە بدەن بە خوێنەرانی ئۆکتۆبەر؟**

خسرەو سایە: لەبارەی هەڵبژاردنەوە پلینۆم لەسەر ئەو جیهەتە ڕاوەستا، کە هەڵبژاردنەکان چ لەعێراق و چ لەکوردستان، بەوپێیەی کە لەدۆخی ناجێگیر وقەیرانێکی حوکمەتیدا بڕیاریان لێدراوە، لەبنەڕەتەوە بۆ سازدانەوەی دەسەڵات و ئۆگانەکانیەتی، کە کەوتونەتە ژێرپرسیارەوە. بۆئەمەش هەم لایەنەکان و هەم ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتوەکان و دەوڵەتانی ئەوروپا، هەوڵدەدەن هەرچۆنێک بوە سازبدرێ و هەنگاوێک لە ئیستقرار پێدانی دەسەڵات لەهەرێم و عێراقدا ببنەپێشەوە. دیارە لایەنەکانیش ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەبەشداریکردن تێیدا هەیە. بەواتایەکی تر هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بەتایبەتی لەکوردستان کە نە پەرلەمان و نە حکومەت بەپێی یاساکانی خۆیان شەرعیەتیان ماوە، لەڕاستای ئەو ڕەوەندەدا دەچیتە پێشەوە کە لەوەلامی پرسیارەکانی پێشوتردا ئاماژەم پێکردوە. تا ئەو جێگەیەشی بەهەڵوێستی حیزب دەگەڕێتەوە، پلینۆم لەسەر ئەوە ڕاوەستا، کە نەک هەر لەم جۆرە هەڵبژاردنانەدا بەشداری ناکات، چونکە هەرجۆرە بەشداری کردنێک هەمان ئەو سیستەمە دوبارە سازدەکاتەوە کە لەئیستادا بەشکست و بنبەست گەیشتوە و ناتوانێ خواستەکانی خەڵکی ناڕازی کوردستان بەدی بهێنێت، بگرە دەبێ دەورەی هەڵبژاردن بەکەمپینێکی چالاک بۆ ڕیسواکردنی سیناریۆی هەڵبژاردن بەدەستەوە بگیرێ و بکرێتە مەیدانێک بۆ پەکخستن و ڕیسواکردنی یەکجاری ئەم سیناریۆ گاڵتەجاریەی حیزبەکان. لەمبارەوە پلینۆم تەئکیدی کرد کە بایکۆت بەتەنها بەس نیە، بەڵکو دەبێ ڕۆژانی هەڵبژاردن بکرێتەمەیدانی هاتنەمەیدانی ڕیزی جەماوەری ناڕازی و کۆبوونەوەی فراوان و یەکگرتوانەی خەڵک بەدەوری خواستەکانیان و ڕیسوکردنی گەندەڵکاران و ئەو سیستەمەی کە چەندین ساڵە ژیانی خەڵک، لەژێر ناوی دەنگدان و هەڵبژاردندا، دەهاڕێت.

**ئۆکتۆبەر: وەکو ئاگادارن بەشێکی بەرچاو، کە کەم نین، لە خەڵکی کوردستان ئاواتەخوازی ڕوخانی دەسەڵاتی هەرێم و گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندن. بێگومان ئەوەش بەهۆی ئەو هەموو ستەم و نادادی و زوڵمەی کە ئەژ دەسەڵاتە "خۆماڵی"یە لەوانی کردوە. ئایا ئاواتی ڕوخانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی تا چەند لەگەڵ هیوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەند بۆ کوردستان لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا خەڵکی کوردستان هیچ هەڵبژاردەیەکی دیکەیان نیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئاواتەیان!؟**

خسرەو سایە: سەرەتا دەبێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئاواتخواستن بۆ ڕوخانی دەسەڵاتێک، لەگەڵ ئەوەی کە بزوتنەوەیەکی بەکردەوەو واقعی لەمەیداندا بێت، کەخواستی ڕوخانی ڕژێمێکی هەڵبریوە.

لەکوردستان ئەگەرچی نەفرەتو بێزاری و بگرە ناڕەزایەتی زۆریش لەدەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی لەئارادایە، بەلام هێشتا ئەم نەفرەتو ناڕەزایەتیە، بەبزوتنەوەیەکی بەکردەوە، بۆ ڕوخانی دەسەڵات، نەکەوتوتە سەرپێ. دیارە هۆکاری ئەمەش کاریگەری ڕەوتی چاکسازی و ئەو ئاسۆ و سونەت و ڕەوشتانەیە، کە هێشتا هەم حزبەکانی دەسەڵات و هەم ئەوانەی خۆیان بەئۆپۆزسیۆن ناودەبەن، لەسەر ناڕەزایەتی بەشەکانی کۆمەڵگا هەیەتی. بەدڵنیاییەوە ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکانی ئێستا، لەقورسایی و کاریگەری سیاسەت و ڕەوشتەکانی ئەم ڕەوتە دەرکێشین و ڕێزێک لەڕابەران و هەڵسوڕاوان ڕابەری ناڕەزایەتیەکان بەدەستەوە بگرن کەبەکردەوە، ڕێ بباتەوەسەر ڕوخانی دەسەڵاتی ئێستا بەرێگایەکی شۆڕشگێرانەی وا کەهاوکێشەی هێزی نیوان دەسەڵات و جەماوەر، بەقازانجی بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و خەڵکی ناڕازی کوردستان بکەوێتەکارەوە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە دەپرسن"ئایا گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی ناوەند لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە"، هەروەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد کە ئەمە بۆچون و سیاسەتی ئەو حیزبانەیە، کە چوارچێوەی سیاسەت و سیستەمی ئێستایان قەبوڵە، کە ناویان ناوە "پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی". ئەمانە دەیانەوێت بەخۆهەڵواسین بە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکەوە گلەیی و ڕەخنەکانیان لەیەکیەتی و پارتی لەڕیفۆرمکردنی هەمان سیستەمی دەسەڵاتداریتی ئێستای هەرێمدا بهێڵنەوە و خەڵکی کوردستان و خواستەکانیان لەژێر سێبەری بڕیارەکانی دادگای فیدراڵ و حکومەتەکەی سودانیدا ڕاگرن و تەسلیمی ئەو بەندوبەستانەی بکەن کە لەگەڵ ئەحزابی شیعی و سونەو پاشماوەکانی بەعسدا، کردویانە. لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەوەن کە خودی ئەو دەسەڵاتەی کە لەبەغدا لەسەر کارە، تاسەر تاڵانچی و گەندەڵ وکۆنەپەرست و دژە خەڵکە، نەک هەر لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا، بەڵکو لەدژی هاوڵاتیانی ژێرسایەی خۆشیدا. بێکاری و گرانی و جیاکاری چینایەتی و هەموو ئەو بێمافیانەی کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شارەکانی عێراق لەدەسەڵاتی بەغدایان چەشتوە، کەمتر نیە لەو تاڵان و بڕۆ و بێمافیەی کەخەڵکی کوردستان لەسایەی دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا قەومیەکانەوە پێی گیرۆدە کراون.

خودی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی

شارەکانی بەغداو بەسراو ناسریەو سامەراو ئەوانی تر، کە زۆرجار پارێزگاری شار و بەرپرسانی حکومەتیان وەدەرناوە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو حکومەتەی لەسەرکارە دژە خەڵکیە. بەڵام ئەوە یەکیەتی و پارتی و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانن کەچاو لەراستیەکان دەنوقێنن و بە دۆستی خەڵکی کوردستان دەیان ناسێنن و دەیانەوێت وانیشان بدەن کە لەنێوان حکومەتی هەرێم و بەغدادا یەکێکیان هەڵبژێرن و ئیتر ڕێگایەکی تر لەبەردەمدا نیە. کورتەی قسەی ئەوان ئەوەیە کە ئەمە دیموکراسیە و ئەمە پرۆسەی سیاسی و فیدراڵیزمە و نابێ لەوەزیاتر برۆین!.

سەبارەت بەوەش کە ئایا خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بەئاواتێک کەهەیانە، کە ئەویش ڕوخانی دەسەلاتی یەکیەتی و پارتیە، بژاردەیەکی تریان هەیە؟ وەڵامی من بەڵێیە و بژارەکەش شۆرش و بردنی خەبات و نارەزایەتیە جەماوەریەکانی ئێستایە بەرەو ئالوگۆرێکی شۆرشگێرانەی وا کەنەک هەر دەسەلاتی ئێستا وەلابنێ، بەڵکو زەمینەی سەرهەڵدانی سیستەمێکی تر لەحوکمرانی و بەرێوەبردنی کۆمەڵگا لەشوێنەکەی دابنێ، سیستەمێکی حوکمرانی وا کەبەرێوەبردنی کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەکاردابێ و هەرچی داهاتو سامانی کۆمەڵگایە بخاتە خزمەتی ژیانی هاولاتیانەوە. ئەم سیستەمەش حکومەتی نوێنەرانی جەماوەرە، کە لەشوراکاندا رێکخراوە و وەک بەرئەنجامێک لەشۆرش وخەباتی شۆرشگێرانەی ئەوان دەسەلات بەدەستەوە دەگری. من پێمواية ئەمە ئەو ڕێگایەیە ک مگۆڕانکاریەکانی ئێستا بەقازانجی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان دەشکێنێتەوە، هەرچەندە سەختی و بەربەستی زۆریشی لەبەردەمدابێت.

★

# شیعەگەراو کوردایەتی لە ئایندەی عێراقدا

عوسمانی حاجی مارف

بەدرێژایی سەدەکان، ڕێورەسمی شیعەکان لە کاتی موحەڕەمدا بۆ چینە باڵاکان زۆر هاندانێکی گرنگ بووە، بۆ پاراستن و وزەبەخشین بە کۆمەلانی شیعە، لەهەمان کاتدا بۆ ڕاگرتن و بەردەوامیدان و بەرجەستەکردنی جیهانبینی خورافات و ئەفسانەکان، تا کەسایەتی ناو چینە نەدارەکان بە ئاراستەی وەهم و خورافات، زەلیل و بێدەسەلات ژیان بەرنەسەر، تا ئەو ئاستەی خۆ کوتانەوەی بەکۆمەڵ دەکەن.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەر لە ڕێو ڕەسمی موحەڕەمدا، پەستانە ئاینی و ئایدیۆلۆژی و سیاسیە جۆراوجۆرەکانی ناو شیعە کێبرکێ دەکەن، هەر لایەنێکیان بۆ ئەوەی یادەکە بە ئاراستەی خۆی لە قاڵب بدات و ڕێو ڕەسمەکان بە ڕوایەت و حکایەتی جۆراوجۆر بارگاوی دەکات، تا سیستەمی بیروباوەڕەکەی لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسیەکەیدا بگونجێنێت و بیفرۆشێتەوە بۆ پەیداکرنی زۆرترین نفوزو دامەزراوکردنی هێزەکەی، بە ئاراستەی پەیداکردنی پێگەیەکی گونجاو لە دەسەلاتدا. ئەمساڵ لە عێراق یادکردنەوەی موحەڕەم لە کاتێکدا ڕوویداوە کە خەریکە شیعەگەری دەبێتە شتێکی هاوشێوەی عەقیدەی دەوڵەت، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە بیکەنە "ئایدۆلۆژیای حوکمرانی" بەسەر کۆمەڵگەدا، ئەمەش بۆیە لە ئارادایە چونکە هاوپەیمانی شیعە لە هەوڵی پاوانخوازی و حوکمرانی رەهادایە. ئەوەی کە لە ئێستاو لەم نێوەدا جدیە بۆیان، خۆ گونجاندنیانە لە گەڵ ئەو پێشهات و ئالوگۆرانەی بۆ ئائیندەی عێراق پێشبینی دەکرێت، بۆیە هەوڵدانیان بۆ باڵادەستی ڕەهای هێزی شیعەیە لە پرۆسەی بە ناوەندی کردنی عێراقدا، هەروەها گرتنە بەری ئەو سیاسەتانەیە کە هاوپەیمانی شیعە بە تایبەتی کتلەی حزبی دەعوە بۆ زاڵبون بەسەر تەواوی لایەنەکانی تردا پیادەی دەکات، ئەمەش هەر ئێستا لە چۆنیەتی نەرێنی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق و مامەڵە لەگەڵ سونەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

بۆرجوا ناسیۆنالستی عەرەبی بەبەرگی شیعەوە و لە پەیوەند بە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، دۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق دەچەرخێنێت، هەوڵئەدات ئەم دۆخە بە پاوانخوازی شیعە جێگیرکات، بە ئاراستەی باڵادەستیان لە پرۆسەی ناوەندیکردنەوە لە حکومەتی عێراقدا.

ماوەیەک پێش ئێستا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕایانگەیاند کە جەژنی غەدیر پشووی نیشتمانییە. ئەم جەژنە ئەو ڕۆژە دەگێڕێتەوە کە گوایە محەمەدی پێغەمبەر، ئەوەی ڕاگەیاندوە، کە عەلی ئەبی تاڵبی ئامۆزای و باوکی ئیمام حسێن دەبێتە میراتگری. بۆ شیعەکان کە عەلی یەکەم ئیمامە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، گروپە ئیسلامیە شیعەکان داوای ئەوە دەکەن کە جەژنی غەدر بکرێتە جەژنێکی نیشتمانی.

لە سەرەتای مانگی تەموزدا، سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، پێش کۆبوونەوەیەکی گەورەی سیاسەتمەداران و پەرلەمانتاران و بەرپرسانی دەوڵەت بۆ یادکردنەوەی ئەلغەدیر، وتارێکی پێشکەش کرد، گردبوونەوەکە لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگی، هاوپەیمانی شیعە کە حوکمرانی عێراق دەکات، ڕێکخرابوو. لە پشت سودانیەوە تابلۆیەکی

زەبەلاح دانرابو کە لەسەری نووسرابوو، "چوارچێوەکەمان هێزە و ئەلغەدیر ڕێبازمانە"، ئەمەش ئەو مەترسیەیە گەر بۆیان سەربگرێ شیعەگەرا بکەنە ئایدۆلۆژی حکومڕانی.

ئەمە دوایین دەرکەوتنی دۆخێکە کە لەم ساڵانەی دواییدا خێراتر بووە، کە کایەی گشتی تادێت ئەوە نیشان ئەدات دەیانەوێت هێما و وێنەسازی شیعە زاڵکەن. ئەم ڕەوتە لە باری واقعیەوە ڕەنگە وێنای ڕەنگدانەوەی دیمۆگرافیای عێراق بێت کە تیایدا شیعەکان زۆرینەی دانیشتوانی عێراقن و هێزە میلیشیا شیعەکان بەجۆرێک دەیقۆزنەوەو سودی لێوەردەگرن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئامانجێکی سیاسیەو هەوڵی پاوانخوازیەکی ڕەهایە بۆ دەسەڵاتێک کە لە پەیوەند بە باڵادەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە جێگیر بێت، دەنا لە واقعیەتی شانۆی سیاسی عێراقدا نە بۆ هاوپەیمانی و نە بۆ سەدریەکان، ئیسلامی و شیعەگەرا گەر بۆ دەسەڵاتەکەیان بەدەر نەخوات دەیپێچنەوەو بەهەرزان دەیفرۆشن.

ئەم پرۆسەیەی "شیعە"کردنی فەزای گشتی، هێما بۆ سێ واقیع سەبارەت بە دەسەڵات لە عێراقی ئەمڕۆدا دەکات.

یەکەم: لە کاتێکدا سەرەتا گروپە سیاسی و ئاینی و میلیشیا شیعەکان، کە بە فەرمی بەشداربون لە ڕێکخستنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ کوتلە سونە و کوردیەکاندا، بەڵام بەدوای ئاڵوگۆر لە هاوسەنگی هێزەکانی شیعەو کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بەتایبەتی هێزی هاوپەیمانی شیعە دەسەڵاتیان لە حکومەتدا لە ئاستێکی باڵادا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. هەر بۆیە زیاتر هەست بە مەیلی نیشاندانی سەروەری خۆیان دەکەن، بۆیە دەبینین نەک کەمتر ناچارن بەوەی لەگەڵ لایەنەکانی تردا درێژە بە ڕێکەوتنەکانی پێشویان بدەن، بەڵکو لە چوارچێوەیەکی تردا مەرجەکانی خۆیان بۆ پاوانخوازی زیاتر دەخەنە ڕوو، لەم لایەنەشەوە پشتیوانی گەورەیان، کۆماری ئیسلامی ئێرانە، بەتایبەتی کە ئێستا کێشەکانی ئەمریکاو ئێران ئارامتر بۆتەوە، ئەمەش بۆتە پشتیوانی هاوپەیمانی شیعە کە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لە پرۆسەی بە ناوەندکردنەوەی حکومەتی عێراقدا.

نموونەیەک کە بیخەینە بەردەست، بە تایبەتی لە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانەی هێمای شیعە بەرجەستە دەکەنەوە، کە لە بەغدا و شارەکانی خوارو زیاتر دەرکەوتووە. بۆنمونە پەیکەری ئەبو مەهدی موهەندیس کە سەرۆکی ئەرکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی بووە، سەر بەهاوپەیمانی میلیشیاکان کە گروپە ئاینی و شیعەکان ڕۆڵی باڵادەستیان تێدا دەبینی، هەروەها قاسم سولەیمانی کە سەرکردایەتی سوپای قودسی ئیسلامی ئێرانی کردووە، سوپای پاسداران، کە هەردووکیان لە هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠ کوژران، بەم شێوە نمیشانە دەیانەوێت نیشانەکانی کۆنترۆڵ کردن بخەنە ڕوو.

دووەم: لە کاتێکدا ئەم جۆرە ڕەفتارانەی هاوپەیمانی لە پرۆسەی پاوانخوازیەکەیدا کە هەوڵدانە بۆ کێشکردنی زیادبوونی متمانەی کۆمەڵانی شیعە بۆ گەڕانەوەو زیاترکردنی نفوزە جەماوەریەکەی، چونکە شیعەکان بینییان کە باڵادەستی خۆیان بەشێوەیەکی بیوێنە لە ناو کۆمەڵگەی شیعەو لە ناڕەزایەتیەکانی تشریندا تەحەدای کراو دەسەڵاتەکەیان ناچار بە هەندێ ئاڵوگۆر کرد. بۆیە حزبە شیعە دەسەڵاتدارەکان بە هەوڵدان بۆ دووپاتکردنەوەی خۆیان و بڵاوکردنەوەی سیمبولەکانیان، هەم تیرۆانینێک بۆ دەسەڵاتی هەمیشەیی خۆیان کە یارمەتیدەر بێت بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێیان. پلاتفۆرمە میدیایەکان و کەسایەتیەکانی پەیوەست بەم گرووپە شیعەیە، لە ترسی دوبارەبونەوەی تشرینێکی تردان، بۆیە گوتارەکانی پاوانخوازانەیان پەرەپێداوە، لەبەرامبەر ترس و دڵەراوکێیان بۆ ئەگەری لەدەستدانی دەسەڵاتی شیعە.

سێیەم: ئەو درزەی کەوتە نێوان چوارچێوەی هاوپەیمانی و بزوتنەوەی سەدریەکان، لەو سۆنگەیەوە نیشانەیان دەگرتەوە، کە نیشانی بدەن کامیان زیاتر تەرخانکراوە بۆ شیعەگەری و بنەما سەرەکیەکان، هەرچەندە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ سەدریەکان فراوانتر بون، بەڵام لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومڕانیدا نەیانتوانی لە یاریەکەدا سەرکەوتوبن، یاریەکە بە پاشەکشەی سەدریەکان وەستێنرا.

ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەی سەدریەکان و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی سوید لە بەغدا دوای ئەوەی پەنابەرێکی عێراقی لە سوید قورئانی سووتاند، هەرایەک لەلایەن سەدرەوە بەرپێخرا، وەک نیشاندانی پابەندبوونی بێسازشانەی بە ئیسلامەوە نمایشکرد. لەم بۆنەیەدا و چەندین بۆنەی دیکەدا، پلاتفۆرمی میدیایی سەدرییەکان ڕەخنەیان لە نائامادەیی چوارچێوەی هاوپەیمانی شیعە دەربڕی، کە گوایە بۆ سازشکردن لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتدا، ئیسلام بەکەم دەگرن، لە هەمانکاتدا سەدر بانگەوازی ئەوە دەکات کە لەلایەن ڕکابەرە "گەندەڵەکانەوە" ڕێگری لێکراوە لە جێبەجێکردنی چاکسازیەکاندا.

کێبڕکێی نێوان سەدریەکان و ڕکابەرەکانیان کێبڕکێیەکە کە تیایدا هەر لایەنێک هەوڵی داوە لە چاو ئەوی دیکە کۆنەپەرستانەتر و ئیسلامی و شیعە سەنتەرتر دەربکەوێت. بەڵام ئەمە زۆرجار هۆکارە ڕاستەقینەکانی دوژمنایەتی نێوانیان دەشارێتەوە، کە پەیوەستن بە ڕکابەری کوتلەیی بۆ دەسەڵات و بۆ تالانچێتی، ئەوەی پێویستە ڕۆشن بێت ئەو ڕکابەریەی لە لایەن هەردوکیانەوە پیادە دەکرێت، لەپێناو دەسەڵاتێکدایە کە بەمەرجی پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایە هەنگاودەنێت، بۆ پاراستنی پەیوەندی کارو سەرمایە لە درندانەترین شێوازی چەوسانەوەو کەمترین کرێ بۆ هێزی کار و قۆرخکردنی تەواوی جومگە

ئـابـوریەکـان بـە چـاودێـری و سـەرپەرشتـی هێزە میلیشاکانیان، ئەمەش یاریەکی ئاسان نیە، چونکە هێزە میلیشیاکان لە ڕێگەی دەسەلاتێکەوە ئەتوانن لەم کارەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، دەبێت وەک یاریزانێکی باشی نێوان کێشمەکێشی ئەمریکا و ئێران و خۆ گونجاندن لەگەڵ دۆخی ناوچەکەدا دەرکەوێت.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا هاوپەیمانی شیعە و بەدەوری حزبی دەعوە بە هەر نەخشەو زگزاکیەک لە سیاسەت و پابەبد بون بە ئێرانەوە، توانیویانە پرۆسەکە بە قازانجی خۆیان بچەرخێنن، لە پاڵ تالانچێتی و گەندەڵی و جەهالەتدا سیستمی سەرمایەداریان پێرۆزکرد .

ئێستاش لە هەوڵی پرۆسەی ناوەندکردنی حکوتی عێراقدا، هاوپەیمانی شیعە قۆڵی جدی لێ هەڵماڵیەوەو بۆتە بەلایەکی گورە بەسەر حکومەتی هەرێم و حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، بە تایبەتی بنەماڵەی بارزانی و پارتی کردۆتە نیشانیەک کە جاربەدوای جار زیاتر ملەکەچی نەخشەکانی هاوپەیمانی و دەسەلاتی شیعە گەرایان دەکات، گورزێک کە هێمای ئەو نیشانەگرتنەیە، بچوکردنەوەی قەوارەی هەرێم و گورزدانە لە پێگەی بنەماڵەی بارزانی و دەسەلاتەکەیان. گەر ئەو پرسیارەش بێتە پێشەوە، ئاخۆ لەم کەین و بەینەدا پێگەی بنەماڵەی تاڵەبانی لە کوێدا ڕاوەستاوە؟

ئەتوانین ئەوە ببینین کە بنەماڵەی تاڵەبانی لەلایەک دەمێکە بۆتە پاشکۆی ئێران وهاوپەیمانی شیعە، واتە پێشوەخت دەستیان لە هەمو شتێک شتووەو چاوەڕوانن ئاراستەی ڕوداوەکان بەرەو کوێیان دەبات، هەر ئەمەشە یەکێتی ناچارە کە زیاتر لەگەڵ قەیرانەکانی خۆیدا سەوداو مامەڵە بکات، تائەوەی بتوانێ بچێتە سەر ڕەوتی پاراستنی قەوارەی هەرێم، ئەوەی جێگای بیرهێنانەوەیە، جەلال تاڵەبانی هەرزوو دەرگای موجامەلەی بۆ شیعە گەراو و حوسێنیە ئاوالەکرد.

ئەوەی لەم نێوەدا پێویستە جێگای سەرنجمان بێت و ئاگاهانە مامەڵەی بکەین، ئەم دۆخەی ملکەچی ئێستای بارزانیە بەدوای نامەکەی مەسرور بۆ بایدن، کە خەریکە بارزانی بە ناوی گەشبینیەوە بە ئاکامی دانیشتنە نارۆشنەکانی لەگەڵ لایەنەکاندا چەواشەکاری دەکات، چونکە ئەو نەخشەو ئاراستەیەی لە پرۆسەی ناوەندیکردنەوەی عێراقدا بەرێدەخرێت، چەندین بارگۆی و ئاڵۆزی و نشێوی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، دۆخەکە بەدانی چەند موچەیەک یەکلایی نابێتەوە.

بنەماڵەی بارزانی و بنەماڵەی تاڵەبانی چاوەڕوانی ئەوەیان دەمێکە دۆراندوە، کە بیانەوێت، یا بتوانن بەلانسەکە وەها ڕاگرن خەڵکی کوردستان بە سەلامەتی ئەو دۆخە تێپەڕێنێت، چونکە هەر لەسەرەتاوە لە ساڵی نەوەدەکانەوە وەک دوهێزی ملیشیا پاشکۆی سیاسەتی جەنگی دەوڵەتی ئەمریکا بون، تەنها ئەوەیان پێبڕا کە پاشماوەکانی دوای جەنگ کۆکەنەوە، هەر بۆیە کوردایەتیەکەیان کردە قومارێکی دۆڕا و قوربانی لەناو ڕیرەوی پێکهاتەی حکومەتی عێرقدا، کە ئێستا بە نەخشەو سیاسەتەکانی شیعەگەرا بەڕێوە دەبرێت.

ئەم واقعیەتە جەنجاڵە نە بە بارزانی نە بە تاڵەبانی نە بە یەک ڕیزی و نە بەوەستانەوەیان لەبەرامبەریەکدا بۆیان ناگەڕێتەوەو ڕاست نابێتەوە، ئەوە نەفەس و ڕۆڵی جەماوەری نارازیە کە ئەتوانێ بە ئاراستەیەکی تر ئەم واقعە بگۆڕێت.

پێویستە خەڵکی کوردستان فریای خۆیان کەون، بەدوای هیچ تەوەهم و بەڵێن و دروشمەکانی بزوتنەوەی شکستخواردوی کوردایەتیەوە نەبن، ئاییندەی کوردستانێکی سەقامگیرو ئاسایش و خۆشگوزەران و ئازاد، لە هەلومەرجی سیاسی پڕ گێژاوی ئێستای ناوچەکەدا، تەنها بە ئیرادەو هێزی ڕێکخراوو جەماوەری و دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەلاتی سیاسیدا دابین دەکرێت.

---

لەم وتارەدا بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری سود لە وتارێکی حارث حسن وەرگیراوە بە ناو نیشانی (تأرجح شیعة العراق بین توجهین متناقضین)

★

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی: **جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووك:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# هۆکارو زەمینەکانی دەستێوەردانی دەرەکی لە هەرێمدا

عەبدوڵا مەحمود

لەشکرکێشی و دەستێوەردان، کردنەوەی بنکەو بارەگا، هێرشی درۆنی و کردەوەی تیرۆریستی لەدژی کادر و لایەنگر و هەڵسوڕاوانی ئۆپۆزیسیۆن، بۆمباباران و هێرش بۆسەر بنکەو بارەگای جێگیری هێزەکانی نیشتەجێی هەرێمی حزب و لایەنە سیاسیەکانی ئۆزیسیۆنی تورکی و ئێرانی...تاد. لە کوردستانی عیراقدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام لەهەر برگەیەکدا دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارو مەبەستی جیاواز جیاوازی هەبووەو هەیە.

بەدوای جەنگی کەنداو و لەساڵی ١٩٩١ و پاشان کشانەوەی دەسەڵاتی سیاسی و سەبازی و ئیداری بەعس بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو، لەوکاتە بەدواوە دەستێوەردان و ملهوری نواندنی وڵاتانی ناوچەکە لە هەرێمی کوردستاندا بووە واقعیەتێک. ئەم برگەیە راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانبوونی کوردستان بوو، واتە دیارنەمانی ناسنامەی حقوقی جوگرافیایی کوردستان بوو لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا. لەم دۆخەدا بەکردەوە کوردستانی عێراق لە عێراق دابڕا، بێئەوەی ناسنامەیەکی تر ببێتە چوارچێوەی ئەم جوگرافیاییە و بۆشایی سیاسی و ئەمنی بووە لایەنیکی سەرەکی دۆخی هەرێم. ئەم دۆخە وایکرد هەر وڵات و دەوڵەتێک بەوجۆرەی دەیویست یان بەدوای هەر بەرژەوەندییەکەوە بوایە بەئاسانی و بێدەردەسەری و بێ هیچ بەرهەڵستی و کاراداناوەیەکی حکومی و یاسایی و نێودەوڵەتی، دەیتوانی سنورەکانی ببەزێنێت و تەراتێن لە دۆخی کوردستاندا بکات... دەتوانیین بڵێین سنورێک نەمابوو. لەو چوارچێوەیەدا دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران و تورکیا بووە واقعیەتێکی هەموو رۆژە و لەوەش زیاتر دەروازەیەک بۆ هێرشی بەردەوام بۆسەر هەرێم و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان. وە کردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری...تاد، لە ئاکامی ئەم دۆخەدا سەرگەردانی سیاسی کوردستان خۆی زەمینەکانی ناجێگری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەمنی، گەیاندە ترۆپک. یەکێتی و پارتیش وەکو دوو لایەنی نەیاری یەکتری و لە چوارچێوەی ململانێی دەسەڵاتیاندا بەسەر هەرێمدا بوونە دوو لایەنی وابەستە بەهەرکام لە دەوڵەتەکانی ناوچەکەوە، بەجۆرێک پەیوەندی پارتی و یەکێتی لەگەڵ تورکیاو ئێران، بەهێز تر بوو تا بەغدا. لەوانەش زیاتر پارتی و یەکێتی بۆ وەرگرتنی رەوایەتی دەسەڵاتی حکومیان!! لەلایەن تورکیاوە، شەریان لەدژی هێزەکانی پەکەکە بەناوی حکومەتەوە، و لەژێر پاساوی کەڵک وەرگرتنی پەکەکە لەسنورەکانەوە بۆ لێدان لە تورکیاو ناسەقامگیری سنورەکان دەست بۆ برد و لە سنوری سەوزی یەکێتیش بەجیا لە قوتکردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای سەر بە ئیتلاعات، دەستی باندەکانی ئێران ئاوەڵاکراو هاوکاری کرا بۆ تیرۆری سەدان کادر و هەڵسوڕاوی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی.

برگەی دوای روخاندنی رژیمی بەعس و پێکهاتنی حکومەت لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە، برگەیەکی ترە کە دۆخی سیاسی عێراق ئاڵوگۆڕی بەسەدا دێت، لەو نێوەدا ناسنامەی حقوقی خەڵکی کوردستان، وەکو بەشێک لە عێراق، پێناسە دەکرێتەوە و هێزەکانی بۆرژوازی کوردیش، لەو حکومەت و دەسەڵاتەدا بەشدار و بەشیان پێدەبرێت. تەنانەت پارتی و یەکێتی بەکەڵک وەگرتن لە لاوازی حکومەتی عێراق، و ئەزموونێکی دەسەڵاتداریێتی کە لە ساڵی ١٩٩١ وە بەسەر خەڵکی کوردستاندا هەیانە، لە پێگەیەکی بەهێزەوە دەبنەوە بەشێک لە هێزی پێکهێنەری حکومەت لە ناوەند و زامنکردنی درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆشیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا. وەهاوکات بەشێوەی فەرمی و بەکەڵک وەرگرتن لە دەستور، چوارچێوەیەکی یاسایی دەبەخشرێتە دەسەڵاتیان... واتە بەپێچەوانەی پێشوو کە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهۆی بۆشایی سیاسی و حقوقی و ناسنامەییەوە، بە خۆبەستنەوەیان بە مێژووی سیاسی و پرسی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستانەوە، خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دادەسەپێنن و دەسەڵاتیان هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی و یان رەنگدانەوەی هیچ رێکەوتنێکی سیاسی لەگەڵ بەغدا نییە، بەڵکو راستەوخۆ بەرهەمی سەرگەردانی و بۆشایی سیاسییە.

ئەم برگەیە لەگەڵ ئەوەدا حکومەت لە عێراقدا پێکدێت و دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، دەبێتەوە بە بەشێک لەدەسەڵاتی ناوەند و چوارچێوەیەکی یاسایی!! لەژێر ناوی فیدرالیزمی قەومیدا، دەبەخشیتە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا... بەڵام لاوازی دەسەڵاتی ناوەند چ لە ئاستی عێراق و ناوچەکدا و چ بەسەر هەرێمی فیدراڵ!! دا، لاوازی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش لەبەرامبەر بە باڵادەستی و ئێران و تورکیادا، ناتوانێت رێگە لە دەستێوەردانی ئێران و تورکیا بگرێت، لەوەش زیاتر تورکیاو ئێران ئەمجارە بەردەوامیدان بە دەستێوەردانیان لە کوردستانی عێراقدا، بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و ون بوونی ناسنامەی حقوقییەوە نییە، بەڵکو بەو هۆیەوەیە کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێمدا لاوازو لەلایەکی تریشەوە پارتی و یەکێتی چ بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێزیان بەرامبەر بەیەکتری و هەردووڵاشیان بۆ راگرتنی بالانسی دەسەڵاتیان لەگەڵ بەغدا، بەتەواوەتی دەچنە باوەشی تورکیا و

ئێرانەوە... ئاستی داخوازی و مەبەستی دەستێوەردانەکانی ئێران و تورکیاش جیاواز لە کاتەکانی پێشووە. ئەمجارە تورکیا و ئێران بەهۆی سەرگەردانی سیاسی کوردستان و نادیاری ناسنامەی حقوقی کوردستانەوە نییە کە دەستێوەردانی بێمنەتانە بکەن، بەڵکو ناچارن تا رادەیەک ئەوە بە فەرمی بناسن کە حکومەتێک لە بەغدا پێکهاتووەو کوردستانیش بەشێک لەو حکومەتەیە، بۆیە دەیانەوێت بەشێوەی داواو مامەڵەی رەسمی پارتی و یەکێتی ناچاری ئەوە بکەن هاوکاریان بن لە لێدان و سنوردارکردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تورکی.

برگەی ئێستای دۆخی سیاسی هەرێم و دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکەو لەوانە ئێران و تورکیا، جیاواز لەهەر دوو برگەکانی پێشووە. دەتوانین بڵێین رەوەندی دوای رووداوەکانی شەری داعش و ١٦ ئۆکتۆبەر، رەوەندێکی تەواو جیاوازو هاوکات نوێیە. نە دۆخی سەرگەردانی کوردستان و نە بەشداری پارتی و یەکێتی لە حکومەتی مەرگەزی پێکهاتووی دوای روخاندنی دەسەڵاتی بەعسە. تەنانەت ناجگیری سیاسی هۆکاری دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لەهەرێمدا نییە، بەڵکو دەستێوەردانەکان هۆکارێکە بۆ ناجێگیرکردنی زیاتری دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی رەهەندی خێراکردنەوەی گێرانەوەی باڵادەستی بەغدا بەسەر هەرێمدا، تەنانەت ئاستی هێرشەکانی وڵاتەکان و جۆرەکان و ئاستی داخوازییەکانی تورکیاو ئێران زیاتر بووەو بە پلەی یەکەمیش روویان لەدەسەڵاتی بەغدایە نەک دەسەڵاتی هەرێم.

هێرشەکانی ئەم دواییەی تورکیا و ئێران لە هێرشی درۆنییەوە بۆ موشەکباران و هێرشی زەمینی بۆسەر سنورەکان و تیرۆری بەردەوامی ناوشارەکان و ئاستی داخوازییەکانیان نەک تەنها بۆ چۆڵکردنی بنکەو بارەگا چەکدارەکانیان گواستنەوەی بۆ ناو قولایی شارەکان و داسەپاندنی ژیانی کەمپنشینی، بەڵکو داخوازی و گوشارهێنان بۆ حکومەت و دەسەڵاتی ناوەند و هەرێم بە رادەستکردنی دەیان لە سەرکردەو کادری حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان، پێشهاتی تازەو سەرەتای دەورەیەکی نوێیە لە پێشوازی پێشهاتی تازەدا بۆ ئاڵوگۆر لەدۆخی سیاسی هەرێم و رادەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی سیاسیدا.

تورکیاو ئێران وەکو دوو دەوڵەتی باڵادەستی ناوچەیی، ئامانجەکانیان لە درێژەدان بە دەستێوەردانەکانیان لە ئاستی ناوچەکەو بەدیاریکراوی لە عێراقدا بەرادەیەکی زۆر جیاواز لە ئامانجەکانی پێشوویانە و هەلومەرجەکەش تەواو جیاواز لە دۆخی پێشووە.

چ ئێران و چ تورکیا، دەستێوەردانەکانیان لە ئێستادا بە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتی هەرێمدا دەچێتە پێشەوە، و چوارچێوەیەکی فەرمی بەخشراوە بە دەخالەتیان. بۆ تورکیا بەجیا لەوەی دەیەوێت جەنگی خۆی دژی هێزە نەیارە ئۆپۆزیسیۆنەکانی لەرێگای هاوکاری حکومەتی ناوەند و هەرێمەوە بکات و هاوکات دەیەوێت لە دۆخی ئێستای قوتبیکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا، لەلایەکەوە لەرێگای گوشارەکانیانەوە خەونە سیاسیەکانی لەژێر ناوی بەرگری لە مافی تورکمانەکان، بەدیبهێنێت و لەو نێوەدا داوای دەسەڵاتی سیاسی زۆرتر بۆ تورکمانەکان دەکات، و وەکو بەشێک لە ململانی لەسەر کێشەی کەرکوک خۆی نمایش دەکات، وەبانگەشەی ئەوە بەدەستەوە دەگرێت، کە کەرکوک شارێکی تورکمانی و عەرەبییە، تا پێگەی ناسیونالیزمی کورد، کەمرەنگ و بێکاریگەر نیشاند بدات. هاوکاتیش دەیەوێت هەژموونی هەرێم بەسەر دەروازە و ناوچە سنوریەکان بەپاساوی ئەمنی نەهێڵێت و سوپای عێراق ئەو ئەرکە بگریتە دەست. لەرێگای ئەو ئامانجەوە دەیەوێت هێندەی تر دەسەڵاتی هەرێم و قەوارەی سیاسییەکەی بەرەو لاوازی و دارمان ببات و ئەوەش بەرێگاییەک دەزانێت بۆ دوورخستنەوەی هاوئاهەنگی نێوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەنێوان بەشەکانی کوردستان و دورخستنەوەی ئەگەری وەدوورەوەکەوتووی خواستی جیابوونەوە.

بۆ ئێرانیش دەستێوەردان و نەخشەکانی بۆ ئەوەیە باڵادەستی خۆی بهێڵێتەوە. بەجیا لەهەوڵەکانی بۆ بۆ لێدان لە ئۆپۆزیسیۆنی درەکی وڵاتەکەی و لەپەل و پۆ خستنی لە دۆخی ئێستادا کە دەرگیری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری شۆرشگێرانە لەناوخۆدایە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا خوازیاری ئەوەیە دەسەڵات لە عێراقدا ناوەندی بێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی بتوانێت شێوازی حکومرانی تا دەورەیەکی تر بە ئەڵگوی بەش بەشینەی قەومی و تایفی بێت و هەژموونی نیشتیمان!! ی سایە نەکاتە سەر ئەم ئەڵگۆیە، کە رەوەندیکی عەرەبی و ناسیونالیستییە، رۆژ بەرۆژ بەهێز دەبێتەوە و عێراق لە باوەشی ئێرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دنیای عەرەبی دەباتەوە.

بەکورتی، دۆخی عێراق بە رەوەندێکی تایبەتدا دەروات. رەوەندی گێرانەوەی هەژموونی دەسەڵات بەسەر میلیشیاکان، هێزە لە یاسا دەچووەکان!!، کەمکردنەوەی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و قوتبیکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا. هاوکات گێرانەوەی سەروەری ئەمنی و یاسایی سنورەکانی. وڵاتانی دنیاو ناوچەکەش ناچارن و مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەدا بکەن و مەرکەز چەقی ئامانج و بنیاتنانەوەی پەیوەندیەکانیانە. هاتنە دەنگی عێراق و نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمریکاو غەرب لەسەر بۆردمانەکانی ئەم دواییەی هەرێم لەلایەن تورکیاوە، بەڵگەی ئەوەیە ئیتر عێراق مامەڵەی هەرێمی کوردستان وەکو بەشێکی دابراوی بێخاوەن لە عێراقدا تەماشا ناکات و ئەمریکاو غەرب و وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، درکی ئەم واقعیەتە تازەیە دەکەن، هاوکات دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش کەهەم دەستە وەستان و هەم مل چەماوەیە بەرامبەر بەسیاسەت و داواکارییەکانی بەغدا، درکی ئەو راستیانە دەکات و دەستەو دامێنی بەغدایە، بەرپرسیاریەتی پاراستنی هەرێم بگرێتە ئەستۆ. لێدان و سنوردارکردنی جموجۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە، ئیتر بە هاوئاهەنگی و رێکەوتن دەچێتە پێشەوە.

★

# ژاوەژاوی هەڵبژاردن لە بارەی هاتوهاواری نەوەی نوێوە

## جەمال موحسین

هێندەی نەوەی نوێ، یەکێتی و پارتی تەنگەنەفەس نەبوون بۆ هەڵبژاردن. وا پێئەچێ یەکێک لە دوا هەناسە و پەلەقاژەکانی ڕزگارکردنی سیستەمی پەرلەمانی و بەناو هەڵبژاردن و دەسەڵاتی باو لە کوردستاندا بە جەستە و سنگی نەوەی نوێ سپێردرابێ. بەجیا لەوەی کە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەک لە چوارچێوەی سیاسەت و هەژمونی دەوڵەتانی ناوچەکە و زلهێزانی دنیادا چی بەسەر دێت، دەسەڵات و سیستەمی تائێستا و یەکێتی و پارتی و هاوبەشەکانیان لەڕوانگەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشەوە تەواو بووە. ئەوە هەر جۆری دەسەڵاتداری و حکومەتکردنی ئەم دوو هێزە نییە لای خەڵک کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، بگرە ئەوە تەواوی جۆری بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کەلتوری و ئەخلاقی و هزری و هەرچی بواری ژیان هەیە کە ئەوان تا ئێستا کۆنترۆڵیان کردووە، لای خەڵک کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. لەدۆخێکی ئاوهادایە کە مەسەلەی هەڵبژاردن و گۆڕانکاری لەڕێی هەڵبژاردنەوە کراوەتە باسێکی سەرەکی لەلایەن ئەحزاب و لایەنێکەوە کە هەرچۆنێک بێ خۆیان "لەدەرەوەی دەسەڵات"دا ئەبینن. کەواتە با بپرسین: ئایا هەڵبژاردن ڕێگەچارەیە؟

هەموو هەوڵی چەند ڕۆژی پێشووی نەوەی نوێ و بەتایبەتیش سەرۆکەکەی ئەوە بوو خەڵک بچن کارتی بایۆمەتری دەربکەن تاکو خۆیان وتەنی بتوانن بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بدەن بەوان. گوایە دەنگدان بەوان یانی دەنگ نەدان و ناکام کردنەوەی یەکێتی و پارتی. ئاستی خۆشباوەڕی بەخشینەوە گەیشتووە بەوەی کە نەوەی نوێ یەکەم ئەبێت و ئیتر پارتی و یەکێتی ئەبێ سەرە بگرن بۆ دووەمی و سێیەمی، چ جای حیزبەکانی تر. هەروەها هەرا ئەنێنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر "بەس خەڵک بچێ بەشداری دەنگدان بکات، نەوەی نوێ ئەبن بە هێزی یەکەم". سەرۆکی نەوەی نوێ لافی ئەوە لێئەدات کە هێزی مەدەنیە و میلیشیای نییە هەر بۆیە خەڵک پەسەندی ئەکات. لەکاتێکدا خۆشی زۆر باش ئەزانێت کە ئەحزابی میلیشیا دەسەڵات بە دەستن لە کوردستان و سەد هەڵبژاردن بکرێت، ئەوەی زۆرترین و بەهێزترین میلیشیای هەیە و زۆرترین بودجەی بۆ تەرخان کراوە، لێناگەڕێت دەسەڵات دەستاودەست بکات، خۆیان وتەنی. مەسەلەکە ئەوەیە کە با خەڵک هەوڵ بدەن نەوەی نوێش تاقی بکەنەوە خۆ ئەگەر باشتر نەبن لە یەکێتی و پارتی، خراپتر نابن. وەک ئەوەی خەڵکی بێبەش خۆیان و تەمەن و نەوەکانی خۆیان دۆزیبێتەوە لە ساڵی ١٩٩١ وە ئەم هێز و ئەو هێز تاقی بکەنەوە. نەوەیەک کە لە ٩١ دا گەورەساڵ بووبێ و ئەم ٣٠ ساڵە ئەوانی تاقی کردبێتەوە، ئەبێ چەند ساڵی بۆ مابێتەوە تا نەوەی نوێش تاقی بکاتەوە و دیسان وەک بزووتنەوەی گۆڕان بلوف لێ بدەنەوە ؟!

بەجیا لە ناوەڕۆکی نەوەی نوێ و سەرۆکەکەی کە وەک سەرمایەدارێکی هەڵتۆقیو جارێک وەک فریادڕەسی گەنجان و جارێک وەک "خێرخوازێک"ی دابەشکەری ئاو و بەنزین و نەوت و.. هتد دەرکەوتوون، هەموو هاتوهاواری ئەمان بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات و سیستەمی مەوجود بووە لە نەفرەت و تورەیی خەڵک. ئەمان لە هەموو ئەو کارانەشیاندا ئەو پەیامەیان لە خەڵک گەیاندووە کە ئیتر با دەسەڵات لە دەستی دەموچاوەکانی یەکێتی و پارتیدا نەبێ و بدرێتە دەست بۆینباخ لە ملەکانی نەوەی نوێ. ئیتر با خەڵک بخافڵێنن لەوەی سبەینێ دەسەڵاتی ئەوان (کە هەرگیز شانسی ئەوەیان نییە بە تەنیا بیگرنە دەست) شارەکان ئەبنە شامی شەریف و ئەمنیەت و ئاسایش و خۆشگوزەرانی لە ئارادا ئەبێت. لەوە بترازێت هیچ بەرنامەیەکی ئابووری جیاوازیان پێ نییە، بەغەیری ئەوەی بڵێن حوکمیان بە دەست بێ، لە یەکێتی و پارتی باشتری ئەکەن. کەسیش نازانێ چۆن!

لەڕوانگەی خەڵکی کرێکار و بێبەشی کوردستانەوە دەسەڵات تەواو بووە. ئاڵوگۆڕ بەمجۆرە مومکین نییە و گۆڕینی دەموچاوەکان مەسەلە ئەسڵیەکەی خەڵک، کە باشبژێوی و ئارامی و ئازادی و یەکسانیە، ناگۆڕێ. ئەو جەنجاڵ و ژاوەژاوەی کە نەوەی نوێ سازی داوە، تەنها بۆ ئەوەیە کە زۆرترینی خەڵک خۆشخەیاڵ بکات و بچن بەشداری هەڵبژاردن بکەن. لەکاتێکدا خەڵک لە "جێی سندان، قوزەڵقورت" هەڵنابژێرن. خەڵک باش ئەزانن کە ئەگەر بۆنمونە لە سەدا ٢٠ یش بچن بەشداری پرۆسەی بەناو هەڵبژاردن بکەن، یەکێتی و پارتی بەهەر ڕێگەیەک بێت، ڕەوایەتی ئەدەنەوە بە دەسەڵاتی خۆیان. نەوەی نوێش یان ئەبێ زیتەی چاوی بێ، یان وەک بابی هەژاران لە سەری ڕەشەوە پشکێکی بۆ دابین ئەکەن و تەواو. لەم هەلومەرجە نوێیەی کوردستاندا، بەغداد ئەکرێ جێی سەری ڕەش بگرێتەوە، بەڵام لەباری مێژوویی و پێکهاتەی نەوەی نوێوە، کە حیزبی سیاسیش نییە، و شەخسیەتی یەکەمی کەسێکی موزەیەف و کاریکاتۆرێکی سیاسی وەک دۆناڵد ترەمپ (لە شێوەی بوکەڵەییەکەیدا)، هیچ هەلی ئەوەی نییە لە هاوکێشەکاندا جێگەی یەکێتی و پارتی بگرێتەوە. ئەوانێک کە تازە و تا ئێستا وەک نوێنەرانی بۆرژوازی کورد جێگەی خۆیان گرتووە.

ژاوەژاو و جەنجاڵی هەڵبژاردنی نەوەی نوێ لە پێناوی هیچدایە بۆ خەڵک و بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایە و بەشدار بوون لە دەسەڵات و بردنی پشک لە سەرووەت سامانی کۆمەڵگەدایە بۆ نەوەی نوێ. وەهمی بەشداربوون لە هەڵبژاردندا وەک مخۆرتکەیەکە و لە جەستەی بریندارى کۆمەڵگە ئەدات.

# پرسی فرۆشی نەوتی هەرێم و کێشەی بودجەو مووچەو دۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان!

وەستامەهدی رەسوڵ

برسی نەوت یەکێکە لەوکێشانەی کە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە لە نێوان بەغداو هەولێر. ئەمە لەکاتێکدا کە بە پێی دەستور حوکمەتی هەرێم رێگە پێدراوە کە وەبەرهێنانی نەوت بکا، بەڵام بەمەرجێک کە داهاتەکەی بگەرێتەوە بۆبەغداو هاوکات داهاتی نانەوتیش بگەرێتەوە بۆبەغداو ساڵانە لەوبودجە مەرکەزیە بەشی کوردستان بدرێت واتە گشت عێراق بەکوردستانیشەوە لە بەغداوە بودجەکەی پێبدرێت .

بەڵام بەبیانوی ئەوەی یاسای نەوتوغاز نییە حوکمەتی هەرێمی کوردستان چەندین کۆمپانیای نەوتی هێناوەتە کوردستان و نەوتیان دەرهێناوەوگرێبەستیان لە گەڵ کردون بێئەوەی کە حوکمەتی عێراق هیچ زانیاریەکیان هەبێت، ئەم وەزعیەتە تائەوکاتەی کە هاوسەنگی هێز بەقازانجی حوکمەتی هەرێم بوو، حوکمەتی هەرێم وای لێهات کە سەربەخۆی ئابوری راگەیاند .

بەڵام کێشەی نەوت وغاز چارەسەر نەکراو ئەم سەربەخۆیی ئابوریە بووە بیانویەک بەدەست حوکمەتی بەغداوە تا سەرهەڵدانی داعش ودواتریش پەتای کرۆنا هات و ئیتر سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری عراقیشی داگرت و حوکمەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چاکسازی راگەیاند ، ئەم چاکسازیە سەرەتای دەست پێکردنی هێرش بو بۆسەر قوتی کرێکاران وفەرمانبەرانی کەرتی گشتی و بەبیانوی قەیرانی ئابوریە هەزاران کەس بێکار کران و چونە پاڵ ئەو سەدان هەزارکەسەی کە بەهۆی نەمانی تەعین مەرکەزیەوە بێکار مابون ،هاوکات حوکمەتی هەرێم بۆچەندین مانگ لێگرتنەوەی موچەی جێگیرکردو تەواوی کرێکارو فەرمانبەرو مووچەخۆری حوکمەت مانگانە مەبلەغێک لەموچەکانیان گلدەدرایەوە.موچەخۆران بەچەندین شێوە لە بەرامبەر بە نەدانی موچە نارەزاتیان سازدەکرد، بەڵام بێوەڵام مانەوە .

بەبارمتە گرتنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەبیانوی ئەوەی کە حوکمەتی عێراقی پارە نانێرێ یان هەرشتێکی لەوجۆرە، نەک پێچەوانەی یاسایە هاوکات پێچەوانەی دەستوریشە ، موچەی فەرمانبەری حوکومی هیچ پەیوەندی نییە بە نەوتەوە بەڵکو مافێکە حەقێکە کە دەبێ بدرێ. کرێکار یان ماموستا یان بەقەوڵی عام فەرمانبەر مانگانە کاری خۆی دەکاو ئەرکێک کە لەسەریەتی جێبەجێی دەکا و بەیاساش رێکخراوە .

بەڵام ئەوەی کە لە سیستمی حوکمرانی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە ،ریشەی لەو ملمڵانێی سیاسیەدایە کە لەنێوان ئەحزابی بورجوازیدایە و بە دەستور جێگای ئەم جۆرە لە سیستمی سیاسی کراوەتە سەرچاوەی تەواوی کێشە سیاسیەکان لە عێراق و وایکردووە کە لەجیاتی موئەسەساتی دەوڵەت، موئەسەساتی حزبی چەکدار حاکم بێت ، دەزگاکانی تەشریع بە تەواوی ئیفلیج بکرێت. موئەسەساتی دەوڵەتیش گشتی شکڵی بێت، گەندەڵی رۆچێتە بەناخی کومەڵگەدا. دزی و راوروتکردنی داهاتی وڵات بە ژێرزەمین و سەرزەمینەوە لە لایەن سەرانی ئەحزابی بورجوازی دەسەڵاتدار لەعێراق و لە هەرێم حەپەلوش بکرێت بە موچەی فەرمانبەرو خانەنشینیشەوە .

هەموو ئەم وەزعیەتە دەرهاویشتەی ئەم فیدرالیزمە فاشیلیە کە خەڵکی عێراقی بەشکردووە بەسەر قەومو دینو تائیفەو شێعەو سونەو ...هتد سەرەرای ئەمەش پەرلەمان و حوکمەتیش نوسخەیەکە لەو دەستورەی کە رێگە بە موحاسەسە دەدات و ئەم نیزامە سیاسیە بەندە بەتەوافوقاتی سیاسی ئەحزاب و هەرکات شتێک لە بەژەوەندی فلانە حزب یان فلانە کوتلەی پەرلەمانی نەبو ئیترموچەی خەڵکو فرۆشی نەوتو دەیان شت کە پەیوەندی بەژیانی خەڵکەوەهەیە، دەکرێنە وەرقەی فشار بۆسەر یەکتر تا ئەوەی دەیانەوێ بچێتە پێشەوە بەکاری دێنن .بۆیە قوتی خەڵک یەکێکە لەو وەرقانەی کە حوکمەتی عێراق حاڵی حازر بەکاری دێنێت لەبەرامبەر ئەحزابی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان .

ئەم سیستمە لە دەسەڵاتی سیاسی و ئەم شێوەیە لە حوکمەتداری هیچ رێگەیەکی نەهێشتوەتە بۆخەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش وتەنانەت بۆهەموو ئەو کەسانەش کە زوڵم وزۆری ئەم دەسەڵاتە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانگرێتەوە ،تەنها رێگە نەبێت ئەویش نا وتنە بەم سیستمە سیاسیەو دەخالەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشی عێراق وکورسستانە و هاتنە مەیدانیەتی لە شێوەی یەک بزوتنەوەی جەماوەری رێکخراوو مونسەجم خاوەن ستراتیج و ئاسۆیەکی رۆشن ، لە پێناوی لابردنی ئەم سیستەمە و گێرانەوەی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی مەحروم و بێبەشی ئەم وڵاتە .

ئەگەرنا هەر تەوافوقێکی سیاسی نێوان هەرێم و بەغدا جێگای متمانە پێکردنی نەک خەڵک بگرە خودی خۆشیان نییە و ئەم قەوانە سواوە و ئەم موژدانەی وەعدی هەرێم ئەیدا لای موچە خۆران نابێ هیچ جێگای باوەر بێت. هاوکات بایکۆتی دەوام و رۆشتنەوە بۆماڵەوە جگە لەوەی کە فرسەت ئەدا بە حوکمەت بۆ دارشتنی پلانی بێبنەما هاوکاتێش جۆرێکە بەرازی بون بەم وەزعە .

بەدیلی ئەم بایکۆتە و چونەوە بۆماڵە، رویشتنە بۆسەرکارو مانگرتنە لەکار لە سەر کارەکانتان. کۆبونەوەی گشتی ئێوە لەدەوری خواستەکانتان ، پێکهێنانی رێکخراوێکی جەماوەری سەراسەریە، ئەبێ لێرەوە هەنگاو بنرێت بۆ کۆتایی هێنان بەم سیتمە سیاسیە .

★

# ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی پلنیۆمی ٢٧ی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان!

لە ڕۆژانی ٨ و ٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣، لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و ڕاوێژکاران و بە بەشداری وەفدێک لە هاوڕێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە لە هاوڕێیان نادیە مەحمود، خەلیل ئیبراهیم، ئەسعەد تالب، هومام ئەلهومام، پێکهاتبوو، سازدرا.

سەرەتای پلنیۆم بە سروودی ئەنتەرناسیونال و دەقیقەیەک ڕێزلێنان لە هاوڕێیانی گیان بەختکردوی ڕێگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی پێکرد و پاشان هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب، بە وتەیەک بەرنامەی کاری پلنیۆمی کردەوە و دواتر بە تێکڕای دەنگی ئامادەبوانی پلنیۆم پەیرەوی بەڕێوەچوون و دەستوری باسەکانی پەسەند کرد کە بریتی بوون لە:

١/ ڕاپۆرتی ئۆرگانەکان

٢/ بارودۆخی سیاسی کوردستان

٣/ کاری جەماوەری حیزب و هەنگاوەکانمان لەم بوارەدا

٤/ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان

٥/ هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق

٦/ کۆنگرەی ٦ی حیزب

٧/ بڕیار و بڕیارنامەکان

٨/ هەڵبژاردنی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی

پلنیۆمی ٢٧ی کۆمیتەی ناوەندی ڕۆژی یەکەمی بۆ هەڵسەنگاندنی کاری ئەم دورەیەی حیزب و ڕاپۆرتی ئۆرگانەکان تەرخان کرد و پاش قسەوباسێکی چڕوپڕ لەسەریان، کێشەوگرفتەکانی سەر ڕێگای پێشڕەوی و فراوانکردنەوەی چالاکی ئۆرگانەکانی حیزب درانە بەر باس و ڕێگا چارەی دروست پێشنیارکرا. هەرلەم پەیوەندەدا، پلنیۆم جگە لەوەی کە هەڵسوڕانی ئەم دەورەیەی حیزبی بە ئەرێنی هەڵسەنگاند، هاوکات تەئکیدی کردەوە، کە دەبێ حیزب بەرەو حیزبێکی سیاسی و دەخاڵەتگەر لە مەسەلەکانی کۆمەڵگادا دەربکەوێ و وەک ئۆپۆزسیۆنێکی سەرەکی لە کێشمەکێشە سیاسیەکاندا جێگا بگرێ و توانای هەڵخراندنی جەماوەر و نارەزایەتیەکانیان لە خۆی نیشان بدات. لەم پەیوەندەشدا سەرۆکی مەکتەبی سیاسی لە نامەیەکدا کە ئاراستەی پلنیۆمی کردبوو، سەرەکیترینی ئەو لایەن و مەیدانانەی خستبوە ڕوو کە حیزب بتوانێ لە داهاتودا بەم ئاراستەیە کاریان لەسەر بکا.

لە دەستوری دووەمدا کە تایبەت بوو بە بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە، سەرەتا هاوڕێ خەسرەو سایە، باسەکەی کردەوە و تێیدا لەسەر ڕیشە و هۆکارەکانی قەیران و بنبەستی دەسەڵات و ئەوەی کە بەوهۆیەشەوە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش کەوتوونەتە دۆخێکی نالەبار و گێژاوی سیاسیەوە باس لێکرد. هاوکاتیش باسی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی کرد کە نەک هەر دەسەڵاتی ئێستا وەلابنێ، بەڵکو چینی کرێکار و جەماوەری نارازی لە دەسەڵات نزیک بکاتەوە و ئیدارەی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگە بەدەستەوە بگرێ. لە ئەنجامیشدا سەرخەتی سیاسی و ئەو هەنگاوانەی خستەڕوو کە پێداویستیەکانی ئەم گۆڕانکاریە زامن دەکات. بەدوای قسەوباسی هاوڕێیاندا، پلنیۆم هاوڕێ خەسرەو سایەی ڕاسپارد کە لەم بارەوە بەیانێک ئامادە بکات بۆ بڵاوکردنەوە.

لە دەستوری سێهەمی پلنیۆمدا هاوڕێ ڕێبوار عارف قسەوباسێکی لەسەر کاری جەماوەری حیزب پێشکەش کرد، کە تێیدا لەسەر لایەنەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ڕاوەستا. هەروەها جەختی لە پێویستیی دابینکردنی ڕابەریەکی شۆڕشگێڕی سیاسی کە بتوانێ هەموو بەشەکانی خەڵکی نارازی بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی شۆڕشگێرانە ئامادە و یەکگرتوبکات، کردەوە. سەرەنجام پلنیۆم لەبەر ڕۆشنایی قسەوباسەکانی هاوڕێ ڕێبوار عارف و بەشداربوانی پلنیۆم بڕیارێکی پەسەندکرد، تا بۆ کاری داهاتوی حیزب لەلایەن ڕابەری و ئۆرگانەکانەوە بەدەستەوە بگیرێت.

دەستوری چوارەمی پلنیۆم کە تایبەت بوو بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان، هاوڕێ خەسرەو سایە لە قسەوباسێکدا، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم هەڕەشەیە و ڕێکەوتنێک کە لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمدا هاتوتەکایەوە، باس کرد و لەسەر ئاکامە زیانبارەکانی بۆ سەر ژیانی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری لە ئێران ڕاوەستا. دوای بەشداری ئامادەبوان، پلنیۆم چەند هەنگاوێکی عەمەلی دیاری کرد کە حیزب لە دژی ئەم هەڕەشە و پلانە ڕاوەستێ و خەڵکی کوردستانی لەدژ بێنێتە مەیدانەوە. هاوکات حیزب دەبێ بەتەوای تواناوە، بۆ کۆمەک و بەهاناوە چوونی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان و خەڵکی ئاوارە و پەنابەرانی ئێرانی بێدرێغ بچێ و ڕێگا لە ڕوودانی هەر کارەساتێکی سیاسی و ئینسانی بگرێت.

لە دەستوری پێنجەمدا، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف، لە قسەوباسێکدا

⇦

باسی لە هەڵبژاردنی پارێزگاكانی عێراق كرد و ئاماژەی بەوەدا كە خەڵكی كرێكار و زەحمەتكێش ڕێگا نەدەن بەناو و دەنگی ئەوانەوە، ئەحزابی قەومی و ئاینی و تیرەگەری هەم لە كوردستان و هەم لە عێراق شەرعیەت بەخۆیان بدەنەوە. لەم ڕاستایەشدا هاوڕێ عوسمان تەئكیدی كرد كە سیاسەتی دروست لەم هەڵبژاردنانە، بە تەنها بایكۆت بەس نییە، بەڵكو دەبێ كەمپینی هەڵبژاردنی حیزبەكان بگۆڕدرێت بە دەربڕینی نەفرەت و نارەزایەتی لە حیزبەكانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا و ڕیسواكردنی كاندیدەكانیان. لە ئەنجامدا پلنیۆم بڕیاریدا لە بەیاننامەیەكدا سیاسەت و هەڵوێستی ڕۆشنی حیزب لەسەر هەڵبژاردنەكان بخاتەڕوو.

لە دەستوری شەشەمدا، كە تایبەت بوو بە سازدانی كۆنگرەی شەشەمی حیزب هاوڕێ جەمال موحسن لەسەر گرنگی گۆنگرەی داهاتوو، لە ژیانی حیزب و لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی كوردستانەوە، قسەوباسێكی كرد. پێشنیاری ئەوەی كە كۆنگرەی شەشەمی حیزب لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت، لەلایەن پلنیۆمەوە پەسەند كرا.

لە دەستوری حەوتەمدا، پلنیۆم دوو بەڵگەنامە كە تایبەت بوو بە كێشەی كەركوك و پرۆتوكوڵی پەیوەندی نێوان هەر دوو حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق و كوردستان، كە لەلایەن مەكتەبی سیاسیەوە ئامادەكرابوو، پەسەندكرد. هاوكات لە ڕاستای ئارایشتدانەوە و وەلامدانەوە بەگرێوگوڵەكانی بەردەم هەڵسورانی ئۆرگانەكان و بەرین كردنەوەی مەیدانەكانی كاریان ١٤ بڕیاری پەسەندكرد.

لە دوایین دەستوری باسەكانی پلنیۆمدا كە تایبەت بوو بە هەڵبژاردنەوەی سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی مەكتەبی سیاسی، پلنیۆمی ٢٧ی كۆمیتەی ناوەندی بە تێكرای دەنگ هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفی وەك سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردەوە و هەریەك لە هاوڕێیان "ئازاد مەجید، فواد سادق، ئالان مەعروف، عەبدولا مەحمود، دەشتی جەمال، وەستا مەهدی، جەمال موحسن، ڕێبوار عارف و خەسرەو سایە"ی وەك ئەندامانی مەكتەبی سیاسی هەڵبژارد.

لە یەكەمین كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی دوای پلنیۆمیشدا، هاوڕێ خەسرەو سایە وەك سەرۆكی مەكتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و دەستەیەكی كارگێڕی لە هاوڕێیانی مەكتەبی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی حیزب، لەنێوان دووكۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسیدا دیاری كرا.

بەم جۆرەش پلنیۆمی ٢٧ی كۆمیتەی ناوەندی دوای دوو ڕۆژ لە قسەوباسی چڕوپڕی هاوڕێیانە و بە ئینسجامێكی سیاسی بالاوە و بە دەخاڵەتی بەرجەستەی هاوڕێیانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق و بە وتەیەكی هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف و سرودی ئەنتەر ناسیونال، سەركەوتوانە كۆتایی بە كارەكانی خۆی هێنا.

١٢/٩/٢٠٢٣

# با ڕێگا لەملهوڕیەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران بگرین!

بەیاننامەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان سەبارەت بەهەڕەشەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكانی نیشتەجێی هەرێم

بڕیارە ئەمجارە هەڕەشەو فشارەكانی كۆماری سەركوتگەری ئیسلامی ئێران، بەهاوكاری حكومەتی عێراق و هەرێمی كوردستان، بۆ چەك داماڵین لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وكۆكردنەوەیان لە كەمپی ئاوارەیدا، بخەنە بواری جێبەجێكردنەوە. بێگومان مەترسی ئەم پلانە جگەلەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكانی ئێران، كەلەخاكی هەرێمدا نیشتەجێن، ڕووبەڕووی تیرۆر ئاوارەیی وكوشتار ئەكاتەوە، هاوكات ژیان و ئاسایشی خەڵكی كوردستان تێك ئەدات و بەڵای جەنگ وملیتاریزم و ئاوارەیی بۆ سەر دۆخی ناهەمواری هاولاتیان زیاد دەكات.

بێگومان ئەم هەڕەشەو پیلانگێریەی كۆماری ئیسلامی ئێران، بەدوای یەك ساڵ بەسەر دەستپێكی خرۆشانی نارەزایەتی ژنان لاوان و كرێكاران ومامۆستایان خەڵكی زەحمەتكێشی سەراسەری ئێراندا، هاتوتە كایەوە، كە ئاڵای ئازادی، یەكسانی و خۆشگوزەرانی هەڵكردووە و كەوتوتە ململانێیەكی قوڵەوە لەگەڵ ئەم ڕژێمە نەگریس وئینسانكوژەدا. كۆماری ئیسلامی ئێران لەم هەڕەشەو دەستیوەردانەیدا بۆ چەك داماڵین و نەهێشتنی ئۆپۆزسیونی ئێرانی وەلامێكی شكستخواردووە بەو قەیران ونارەزایەتیە بەرفراوانەی كەتا ئاستی هەڕەشەی ڕوخاندنی شۆڕشگێرانە، قورتمی گرتوە و دەیەوێت لەم ڕێگایەوە لە ئاستی ناوخۆدا فەزای ترس وتوقاندن لە پاڵ سەركوت گرتن وكوشتو كوشتار وئێعدام ودەستگیركردنی هەڵسوراوانی سیاسی، قودرەتی خۆی بەسەر خەڵكی ئێراندا داسەپێنی وشارەكانی كوردستان میلیتاریزە بكات وە لە ئاستی ناوچەیی وجیهانیدا خروشانی نارەزایەتیە جەماوەریەكانی ئێران بكاتە خەتای ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران كە لە كوردستانی عیراقدا جێگیرن. بەم جۆرەش ناوەڕۆكی سەركوتگەری وكارنامەی ڕەشی خۆی پێداپۆشێت. ئەمە لەكاتێكدایە كە كۆماری ئیسلامی ئێران ڕژێمێكە كە لەلایەن جەماوەری بەرینی كرێكاران و بێبەشان و ئازادیخوازانەوە حوكمی مەرگی دراوە، لە ناوخۆی ئێراندا بە سەركوت و زیندانی كردن و ئەشكەنجەدان ڕووبەڕووی

جەماوەری ناڕازی ئەبێتەوە. لە دەرەوەی سنورەکانیشی ئەیەوێت مافی هەڵسورانی سیاسی لە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بسەنێتەوە. بەم کارەشی نەک هەر دەست لە کوردستان و عێراق وەرئەدات، بگرە کوشت و کوشتار و نائامن کردنی زیاتری کۆمەڵگەی لێ ئەکەوێتەوە.

کەوایە نابێت ئێمە خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان ڕێگە بدەین ئەحزابی ناسیونالستی کوردو ئەحزابی ئیسلامی شیعەو حکومەتەیان چارەنوسی خەڵک بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە شەتەک بدەن و کۆمەڵگا بەرەونا جێگیری ونا ئارامی زیاتربەرن. پێویستە جەماوەری ئازادیخواز لە عێراق و کوردستان بە هەر شێوازێکی گونجاو بۆیان ئەکرێت دژ بەم بڕیار و پلانە بوەستنەوە و ڕێگە نەدەن لەوە زیاتر کوردستان و عێراق ببێتە مەیدانێک بۆ دەستیوەردانی زیاترو و یەکلاکردنەوەی سیاسەت و پلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. وەستانەوە و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئاکامە کارەساتبارەکانی دەخالەتی سیاسی وسەربازی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەئاستی دەرەوەو جیهاندا ئەرکی دەستبەجێ ئازادیخوزان ومرۆڤدۆستانە لە هەرجێگایەک بن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەرباری ئەوەی هەر جۆردەخالەت ودەستیوەردانی سیاسی وسەربازی کۆماری ئیسلامی ئێران ودەوڵەتانی ناوچەکە بەتوندی ئیدانە دەکات. خۆمان بە بەشێک لەم خەباتەی ئازادیخوازان ئەزانین وبەتەواوی توانامانەوە بۆ بە شکست کێشانی ئەم پلانە هەوڵ ئەدەین. هەر کۆمەک وهاوکاریەک لەدەستمان بێت بۆ هەڵسوراوانی سیاسی وئەو پەنابەرانەی لە کوردستاندا دالدەدراون، بە ئەرکی خۆمان دەزانیین، هاوکات ڕای ئەگەیەنین کەهەرجۆرە هاوکاریکردن و بەشداری کردنێکی حکومەتی هەرێم و عێراق لەم پلانە گلاوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، تاوانێکی گەورەدەکەن ورووبەڕووی ناڕەزایەتی ونەفرەتی ئێمەو هاولاتیان دەبنەوە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٩/٩/٢٠٢٣**

# بەشداری چالاکانەی ڕێکخستنەکانی دەرەوەی حیزب لە ساڵیادی خرۆشانی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ئێراندا

ڕۆژی ١٦ ی ئەیلول/سێپتێمبەر کە ساڵیادی کوشتنی مەهسا ( ژینا ) ئەمینی و خرۆشانی شۆڕشگێرانەی ژنان و جەماوەری بێبەشی ئێران بوو، لە زۆرێک لە ولاتەکانی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا خەڵکانی ئازادیخواز و کۆمۆنیستەکان و کەسایەتی سۆشیالیستی بە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری، نمایشی نارەزایەتی و دووبارە پشتیوانی دەربرین بۆ جەماوەری خرۆشاوی ئێرانی نیشان دا.

هاوشانی هاتنەسەر شەقامی سەدان هەزار ئینسانی ناڕازی بە حوکمی کۆماری ئیسلامی سەرمایە، ڕێکخستنەکانی حیزبمان لەدەرەوەی وولات، لە چەندین شوێن بەشداری ئەو ڕێپێوان و کۆبوونەوانەیان کرد و وەک بەشێک لە جوڵانەوەی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی کرێکاران و جەماوەری بێبەش و ژنان لە مەیداندا ڕاوەستان.

لە هەریەکە لە وولاتەکانی بەریتانیا، ئوسترالیا، سوید، ئەڵمانیا، فنلەندا و کەنەدا، ڕێکخستنەکانی حزب بەشداری چالاکانەیان هەبوو لەو چالاکیانەدا و کادرو هەڵسوڕاوانی حزب ووتاری پشتیوانیان لە نارەزایەتی خەڵکی ئێران و بەرزراگرتنی یادی خرۆشانی خەڵکی ئێرانیان خوێندەوەو دروشم و پلاکاردی حزبیان بەوبۆنەیەوە بەرزکردەوە. هاوکات تاوانەکانی ڕژێمی تیرۆرسیتی ئیسلامی ئێرانیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی سیاسی و زیندانیانی سیاسی و سەپاندنی حجابی ئیسلامی... ئیدانەو ریسواکرد.

شایانی ووتنە ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگە، ڕێکخستنەکانی حزب لە سلێمانی بەشداری چالاکانەیەن کرد لە خۆپیشاندانی لیژنەی بەرگری لە ئاسایشی خەڵکی کوردستان دژ بە هێرش و هەڕەشەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بۆسەر هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسۆنەکانی نیشتەجێی هەرێم و پیلانی ڕژێمەکانی عێراق و ئیران بە هاوکاری حکومەتی هەرێم بۆ کۆکردنەوەیان لە کەمپی پەناهەندەیی و ڕێگاگرتن لە هەڵسوڕانی سیاسیان لە کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ئاسایشی یەکێتیەوە بەشێوەیەکی درندانە پەلامار دران و ڕێگایان پێنەدرا چالاکیەکە بەوجۆرەی بەرنامەی بۆدانرابوو بەڕێوەبچێت.

لیژنەی ناوبراو، یاداشتنامەیەکی ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کردو کە ئەو خاڵانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

١- لە حکومەتی ئێران بیر لە ڕێگەچارەی ئاشتیانە بکاتەوە لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی و ڕێز لە سەروەریی دەوڵەتی ئیتحادی عێراق و هەرێمی کوردستان بگرێت.

٢- پارلمانی عێراق قەبوڵ نەکات کە دەستدرێژیی ئەمنی و سەربازی بکرێتە سەر ئەو پەنابەرانەی بەپێی عورف و یاسا جیهانییەکان هانایان بۆ ولاتی دووەم بردووە و لە هەموو توندوتیژی و کوشتن و ڕفاندنێک بیانپارێزێت.

٣- هەوڵی بەپەلە و تەواوەتی بدرێت بۆ کۆتاییهێنان بەم بارگرژییانە چونکە مەسئولییەتی ئەمنی و ژیان و گوزەرانی پەنابەران لە ئەستۆی هەردوو حکوومەتی عێراق هەرێمدایە.

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت / بەشی چوارەم

......سەبارەت بە بزووتنەوەی سەرنگونیخوازی خەڵکیش، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر لەجەرگەی خەباتدا بۆ سەرنگونی، کارەکە نەگاتە شۆڕش، دوای سەرنگونی چی بەسەر بزووتنەوەی سەرنگونیدا دێت؟ چونکە ئەگەری هەیە حکومەت بەهۆی نافەرمانی مەدەنیەوە، بەهۆی سەرپێچی مەدەنییەوە بڕوات، خەڵک بتوانن حکومەت ئیفلیج بکەن و حکومەت بڕوات، لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە یان ئەوەی دەسەڵات بکەوێتە دەستی کەسانی ترەوە، دوای ئەوە، بزوتنەوەی سەرنگونی چیٚ بەسەردێت؟ ئەمە پرسیارێکە، ئایا دواتر دەگات بە شۆڕش یان نا؟ پرسیارێک کە بەڕای من دێتە پێشەوە ئەوەیە ئایا شۆڕش تاکە ڕێگایە بۆ هاتنەسەردەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان؟ تەنانەت دەڵێم ئەمەش ١٠٠٪ نییە. چونکە ڕەنگە کودەتاکە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بکرێت. وە ئەگەر کۆمۆنیستەکان بە کودەتایەک بێنە سەر کار، ئایا شەرعیەتی حکومەتی کۆمۆنیستی لەژێر پرسیاردایە؟ بەڕای من ئەگەری ئەوە هەیە لەدوای سەرنگونی شۆڕش ڕووبدات، واتە ئەم شۆڕشە بەکردەوە لەجەرگەی خەبات دژی دوژمنانی حکومەتی ئێستا ببێت بەشۆڕش. دەشیٚ قۆناغی شۆڕشگێڕانە قۆناغی دوای دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بێت. وەکو ڕووسیا. لەڕەوتی هاتنەسەرکاری بەلشەفیکەکاندا تەنها چەند کەسێکی کەم بریندازبوون، لە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چوار پێنج کەس بریندازبوون، هەندێکیش دڵتەنگ بوون. دوای سیٚ ساڵ، شەڕێکی ناوخۆی گەورە ڕوویدا کە هەزاران کەسی تێدا کوژران، چەندین ڕاپەڕین ڕوویدا، لە ناوچەکان لەسێدارەدان ڕوویدا، چەند سوپای زەبەلاح لەگەڵ یەکتردا کەوتنە شەڕەوە، ئەوە پرۆسەی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕووسیا بوو. سەرەنجام شۆڕش و سەرنگونی و پاشان حکومەتی کۆمۆنیستی و سەرنگونی، بەڕای من کۆمەڵە چەمکێکن کە پێویستە لە هەموو بارودۆخەکاندا بەشێوەیەکی داهێنەرانە لەبەرچاو بگیرێن.

پێموایە پرۆسەی سەرنگونی بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتەهۆی شۆڕش لە ئێران، چونکە باڵەکانی ڕژێمی ئیسلامی ناتوانن لەسەر یەک پلانی کشانەوە سازش بکەن، بەشێکیان دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، بەبڕوای من، ئەگەری زۆر ئەوەیە کە : ئێستا دوویخوردادیەکان لەژێر دەسەڵاتی لایەنگرانی خامنەییدا دەجووڵێنەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە تەواودەبێت و دوویخوردادیەکان بەرەبەرە دەستی باڵا پەیدادەکەن. لەوساتەوەختەوە، یان تەنانەت کەمێک پێشتریش، کۆنەپارێزان دەکەونە بیری کودەتاوە، چونکە کۆتایی ئەم چیرۆکە مردنی ئەوانە. سەرەنجام، دوای باڵادەستی وردەوردەی دوویخوردادییەکان بەسەر لایەنگرانی خامنەییدا، یان تەنانەت ڕێک پێش دەستباڵاکردنی یەکجارەکی ئەوان، کودەتا یان گورزێکی سەربازی، گورزی شەڕانگێزی لایەنگرانی خامنەیی دەست پێبکات(یان ڕەنگە خامنەیی لەگەڵیان نەبێت، ڕەنگە خامنەیی سازش لەگەڵ خاتەمی بکات، بەڵام لە کۆتاییدا باڵی ڕاست لێیان دەدات) و لەپرۆسەی سەرکوتکردنی ئەو جموجوڵەی باڵی ڕاستدایە کە بەبڕوای من ڕاپەڕین ڕوودەدات، بەو مانایەی کە دژی تەواوی دەسەڵات بێت.



ئەو سیناریۆیەی کە پێموایە ئەگەری هەیە ئەوەیە کە ململانێی نێوان باڵەکان بەردەوام بێت، لەشوێنێکدا باڵی ڕاست گورزی خۆی دەوەشێنیٚ؛ لەبەرامبەر ڕاستدا، باڵی دووی خورداد تەسلیم نابێت یان ١٠٠٪ تەسلیم نابێت، کەمێک بەرگری دەکات، ئەم بەرگریەش لەسەر شانۆی ڕوداوەکان کۆتایی نایەت، خەڵک دێنەناو شانۆی ڕوداوەکانەوە و هەموویان کۆدەکاتەوە. بەڕای من ئەمە پرۆسەی سەرنگونیی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام پرۆسەی سەرنگونیی حکومەت زۆر روون نیە، دۆخێکی زۆر ناڕوون لە تاراندا دێتەئاراوە، کە دیارنییە کام شوێن بەدەست کام حزبەوەیە. ئەوانەی ڕاپەڕینیان ئەنجامداوە دابەشدەبن، هاوشێوەی شۆڕشی پورتوگال، ئەوانەی ڕاپەڕینیان کرد لە سوپای پورتوگال بوون، بەڵام دواتر حکومەت بەردەوام دەستاودەستی پێدەکراو پێکهاتەکەی دەگۆڕدرا.

بەڕای من حکومەت لەقۆناغی دوای

ڕاپەڕیندا لە ڕاستەوە بەرەو چەپ دەڕوات تا ئەوکاتەی ئەو چەپەی لە دواقۆناغدا دێت و بانگەوازی خەڵک دەکات بێنەمەیدانەوەو ئەو "شەڕی سێ ساڵە" یە لەگەڵ بۆرژوازی ئێراندا دەست پێدەکات.

پێموایە پرۆسەکە بەم شێوەیەیە: دوویخوردادیەکان گەشەدەکەن تا تەحەمولی ڕاستەکان کۆتایی دێت و کاسەی سەبریان سەرڕێژدەکات، کاردانەوەی ئەوان دەبێتەهۆی ئەوەی کە دوا دەستشکاندنەوەی نێوان باڵەکان لەشەقامدا ڕوودەدات، خەڵک دەسەڵات لەدەستی هەموویاندا دەردەهێنێ، دەسەڵات دوای ماوەیەک دەستاودەستکردن، لەچەپ نزیک دەبێتەوە. ڕاست دژی ئەم چەپە خۆی سازدەکات، چەپ ئەمجارەیان ناچاردەبێت ڕاپەڕینی خۆی ئەنجام بدات و لە ڕاپەڕینی چەپدا، لە شۆڕشی خودی چەپدا ئێمە بێگومان دەبێ بەشداری بکەین. سیناریۆی ڕەش بریتیە لەمەودای یەکەم ڕاپەڕین دژی کۆماری ئیسلامی تا ڕاپەڕینی کۆتایی چەپ، دوای ئەوە بەندە بەوەوە کە چەپ چەندە دەسەڵاتی سەربازی هەیە. لە باسی ستراتیژدا بەوە دەگەین کە بەبڕوای من دەبێ حزبی ئێمە بە قیافەی چەکداریەوە لەگەڵ ئەو ڕیزەدا بڕوات. حیزبێک کە دەڵێ ئێمە ئەهلی خەباتی سیاسین و ئامادەی خەباتی سەربازین، هەردوو هێزەکەمان هەیەو بەپێی گونجاوی بارودۆخ بەکاریان دەهێنین. قیافەیەک کە ڕەنگە موجاهید ئێستا زیاتر جەخت لەسەر لایەنی سەربازی بکاتەوە، پێویستە ئێمە دۆخێکی گونجاوترلە کۆمەڵگادا دروست بکەین: هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی شارستانی، بەڵام ئەگەر دۆخەکە بەرەو شەڕ چوو، ئەوا ئەم حزبە دەتوانێت بچێت و ناوچەیەک ئازاد بکات، و دەتوانێت لەناو شاردا جێگایەک بگرێت و پارێزگاری لێبکات.

پێموایە ئاڵۆزی پرۆسەکە لەوشوێنەدایە کە کۆماری ئیسلامی دەڕوخێت. پێموایە تا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامی خەریکە دەڕوخێت، دۆخی ئێمە ڕوونتر و ڕوونتر دەبێتەوە، دوای ئەوەی کە دەڕوخێت، ئێمە خۆمان دەکرێ تووشی لێکترازان بین. ڕەنگە هەموو چەپی کۆمەڵگا بترسێت، دڵنیانەبێت لە جموجوڵەکانی خۆی، ڕەنگە باڵە جیاوازەکانی هەریەکەیان ئاراستەیەک بگرنەبەر و ئەوە ئەو کاتەیە کە ڕۆژئاوا دەستوەردان دەکات. سیناریۆی ڕەش: لەکاتی سەرنگونیەوە تا زاڵبوونی چەپ بەسەر حکومەتدا چەند دەخایەنێت، چی ڕوودەدات، چ جۆرە چەپێکمان هەیە، بەبڕوای من، ئەگەر ڕۆڵی خۆمان نادیدە بگرین، چەپی ئەو کۆمەڵگایە ڕوبەڕوی کۆمەڵکوژییەکی دیکە دەبێتەوە. واتە دوای ڕووخانی ڕژێم دەسەڵات ئەوەندە دەست بەدەست دەکات تا دواجار ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ئەوەندە پارە و چەک دەڕژێننە ناوەوە، باڵێکی دەسەڵات ساغ دەکەنەوەو دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرن و دواتریش ئێمە دەخەنە دۆخێکی هاوشێوەی حکومەتی کرنسکیەوە، چونکە ئەوکاتە ئیسلامێک لە حکومەتدا نابێت، کە ئێمە ئەعسابیمان ووردکردوە، دەست دەکات بە سەرکوتکردنمان. هەرچەندە کۆمەڵگا بەوشێوە کالوکرچەی جاران نەماوە، نە چەپ و نە ڕاست، بەڵام زۆرێک لە چەپەکانی پێشوو، بەبڕوای من، لەدوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەچنە پاڵ بزووتنەوەی دوتێل کرنسکییەوە، خەریکین نمونەکانی دەبینین.

ئەمە وێنای منە بۆ دۆخەکە. تەواوی تێزەکەم ئەوەیە کە خاڵی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی مومکین نییە. ئەگەر مومکین بێت، ئەوا هەموو ئەم تێزە پووچەڵ دەبێتەوە. چونکە ئەگەر بەکردەوە خاڵی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی بۆماوەی هەشت یان دە ساڵی دیکە، کۆماری ئیسلامی خاتەمی درێژە پێبدات، چیرۆکی ژیانی هەموومان دەگۆڕێت. وە ستراتیجی ئێمە بۆ ڕژێمێکی ئیسلامی کە بۆنمونە ئیسلام لە دەستوورەکەیدایە و حیجابیش هەر ماوەو ژنانیش هیچ مافێکیان نییە، بەڵام کار دەکەن و ئۆپۆزسیۆنی بەئەدەب، تەنانەت چەپی بەئەدەبیش، تەحەمول دەکات، خەڵکیش دوای کار و ژیانی خۆیان کەوتوون، ئەمە ئێمە ڕووبەڕووی دۆخێکی نوێ دەکاتەوە کە داستانێکی تەواو جیاوازە. بەڵام ئێستا پێموانییە ئەم پرۆسەیە بەوجۆرە بچێتەپێشەوە لەبەر دوو شت: یەکەم: کۆمەڵگا زۆر لەوە زیاتر نارازییە کە بڵێ بەه بەه چەندە خۆش بووا! ئێمە هەموومان لێرە پێکەوە وەستاوین، سەرەنجام بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دۆخەکە بەملاوئەودا ڕادەکێشن، دووەم: بەنیسبەت ئابووریەوە، بەهاوکاری ئیسلامی جۆری تازە ناتوانرێ چارەسەرێکی خێرا و کورتخایەن و بنەڕەتی بدۆزرێتەوە کە وەڵامدەرەوە بێت، سەرەنجام ململانێی چینایەتی ڕێگە نادات دۆخەکە وەک خۆی بمێنێتەوە.

.....کۆتایی......

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پێبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنێ کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**